# بنەما هونەرییەکانی ئەفسانەی کوردی بەنموونەی چەند ئەفسانەیەکی ناوچەی پشدەر


**پ. هـ. د. ڕۆژگار محمد صابر**

زانکۆیا کۆیە- هەرێما کوردستانی/ عیراق

**پ. هـ. د. ناز ئەحمەد سەعید**

ڕێڤەبەریا گشتی یا پەروەردەیا سلێمانی- هەرێما کوردستانی/ عیراق

**د. ئەڤین ئاسۆس حەمە**

ڕێڤەبەریا گشتی یا پەروەردەیا ڕاپەرین- رانیە- هەرێما کوردستانی/ عیراق



**پوختە**

ئەفسانە بەرهەمی بیری مرۆڤی کۆنە، بۆ ئەو کاتانە دەگەڕێتەوە کەوا هۆشیاری مرۆڤ، نەیتوانیوە پەی بە شیکردنەوەی هەموو ئەو ڕووداو و بابەتانە ببات کە لە ژینگەکەیدا ڕوویانداوە. ئەفسانە هەوڵێکە بۆ گوزارشتکردن لە دیاردەکانی سروشت و شیکردنەوەیان، گومانیشی تێدا نییە ئەفسانە لە سەردەمی ژیانی مرۆڤی ناو ئەشکەوت و ئەو سەردەمانەی بیری لە دروستکراوەکانی دەوروبەری کردووەتەوە، سەریهەڵداوە. لە ئەدەبیاتی جیهان و ئەدەبیاتی کوردیدا پێگەیەکی دیاری هەیە و بەردەوام دەماو دەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گێڕدراونەتەوە، بەجۆرێک بوونیەتی خۆی ون نەکردووە.

ئەفسانەی کوردی وەک جۆرێک لە جۆرەکانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر، خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە کەوا بوونیادی هونەری ئەفسانە پێکدەهێنێت لە ڕووی پاڵەوان و شوێن و ڕووداوی ئەفسانەی و زمانی گێڕانەوەوە، دیارترین ئەو خەسڵەتانەش دەکرێت بریتی بێت لەوەی پاڵەوانەکانی هێز و توانایەکی ئەفسانەییان هەیە و زۆرجار کارەکتەری دێو، ئەژدیها و باڵندەی سیمرغ و ......هتد، بەشداری لە گێڕانەوە و چیرۆکە ئەفسانەییەکان دەکەن، لە لایەکی ترەوە ئەفسانەکان ڕووداوی بابەتییانە و واقیعی نین، چەند کۆنن ئەوەندەش نوێن و بەگوێرەی کات و سەردەمەکان خۆیان دەگونجێنن، ئەمانە و چەندین خەسڵەتی تر لەو دوو کۆمەڵە چیرۆکە ئەفسانەییانەی ناوچەی پشدەردا بەرجەستە دەبن.

لەم ڕوانــگەیەوە ئەم تــوێژینەوەیە بەناونیشــانی (بنەمــا هونەرییەکــانی ئەفســانەی کوردی بەنموونەی چەند ئەفسانەیەکی ناوچەی پشدەر)، هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەفسانە و دەرخســـتنی ئەو خەســـڵەتە هونەرییـــانەی ئەو دەقە ئەفســـانەییانە لەخۆیانـــدەگرن. لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە دوو کۆمەڵە ئەفسانە وەرگرتووە، ئەوانیش؛ (ئەفسانەی کوردی) لە کۆکردنەوەی (ڕێبوار جەمال سەگرمە) و (مەڕوانە هەڕەشەی دێوان، بـڕوانە جەوهەری پیـاوان) لە کۆکردنەوەی (زیاد محەمەد ئەمین).

ئەم ئەفســانانە لە بنەڕەتــدا هــی نــاوچەی پشــدەرن، نووســەران لەســەر زاری چەنــد کەســـێکی بەتەمەنـــی دانیشـــتووی نـــاوچەی پشـــدەر کۆیـــانکردوونەتەوە و لە دووتـــوێی کتێبێکدا بڵاویانکردووەتەوە.

ئەم ئەفسـانانە بە شـێوەزاری نـاوچەیی بەتـایبەت شـێوەزاری موکریـان نووسـراونەتەوە، هەربۆیە یەکێک لە خەسڵەتەکانیان ئەوەیە کەوا لە ڕووی زمـانەوە شـێوەزاری نـاوچەویی بە گێـڕانەوەی چیرۆکەکـانەوە دیـارە، یەکێکـی تـر لەو ئەنجامـانەی کەوا لە کۆتـایی تـوێژینەوەکەدا پێـی گەیشـتووین ئەوەیە، کەوا چیرۆکەکـان سـیما و خەسـڵەتی سـەردەمی خۆیان وەرگرتووە، بۆ نموونە لە یەکێک لە ئەفسانەکاندا باس لە وێنەی پاڵەوان دەکات، ئەگەرچی مێژووی پەیدابوونی وێنە بە شێوە سەردەمییەکەی مێژوویەکی دوور و درێژی نییە کە بگاتە مێژووی گێڕانەوەی ئەو ئەفسانانە.

پێکهـــاتەی توێژینەوەکەمـــان دابەشـــکردووە بـــۆ چەنـــد تەوەرێـــک، بەم شـــێوەیە ڕێکمانخسـتووە (چەمـک و پێناسـەی ئەفسـانە، ئەفسـانەی کـوردی، ڕەگەزەکـانی ئەفسـانە، خەسڵەتەکانی ئەفسانەی کوردی، بنەما هونەرییەکـانی ئەفسـانەی کـوردی بە نموونەی ئەو دوو کۆمەڵە ئەفسانەی ناوچەی پشدەر، لە ڕووی زمان و بوونیادی پێکهاتەی ئەفسانەکانەوە). لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە بەردەست.

**وشـە سـەرەکییەکان:** *ئەفسانەی کوردی، ئەفسـانەی نـاوچەی پشـدەر، پاڵەوانی ئەفسـانەیی، باڵندەی ئەفسانەیی، شوێنی ئەفسانەیی.*

---

## پێشەکی

ئەم تـوێژینەوەیە بەناونیشـانی (بنەمـا هونەرییەکـانی ئەفسـانەی کـوردی بەنمـوونەی چەنــد ئەفســانەیەکی نــاوچەی پشــدەر) هەوڵــێکە بــۆ دەرخســتنی بنەمــا هــونەری و تایبەتمەنـدییەکانی ئەفسـانەی کـوردی، بەتـایبەت چەنـد نمـوونەیەک لە ئەفسـانەی نـاوچەی پشـدەر کەوا لەنـاوچەی پشـدەر بـڵاون و نووسـەران لەسـەر زاری چەنـد دانیشـتووانێکی ئەو ناوچەیە لە ژن و پیاو وەریانگرتوون و کۆیانکردوونەتەوە.

## گرنگی توێژینەوەکە

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی ئەفسانە و هەوڵـێکە بـۆ دەرخسـتنی بنەمـا هونەرییەکـانی ئەفسـانە، لە ڕوانـگەی شـیکردنەوە و خوێنـدنەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکـانی ئەفسـانە وەک پـاڵەوان و ڕووداو و کـات و شـوێن و زمان. لەگەڵ ئەوەشدا دەرخستنی تایبەتمەندییە هونەرییەکانی ئەفسانەکانی ناوچەی پشدەر لە ڕووی زمان و پاڵەوان و ئەو ئەفسانانەی لەو ناوچەیە بڵاون و کۆکراونەتەوە.

## کەرەستەی توێژینەوە

لەم تـوێژینەوەیەدا وەک کەرەسـتەی تـوێژینەوە سـوودمان لە دوو کـۆمەڵە ئەفسـانە وەرگرتووە کەوا لە دووتوێی دوو کتێبدا چاپکراون، ئەوانیش ؛ کتێبـی (مەڕوانە هەڕەشـەی دێــوان بــڕوانە جەوهەری پیــاوان) دە ئەفسـانەی تــایبەت بە دێــو لە نــاوچەی پشــدەر، لە کـۆکردنەوەی مامۆسـتا (زیـاد مـحەمەد ئەمـین) سـاڵی ٢٠١٠، کتێبـی (ئەفسـانەی کـوردی) (ڕێبوار جەمال سەگرمە) ساڵی ٢٠٢٠، کۆی گشتی ١٢ نموونەی ئەفسانە لەخۆدەگرێت.

## میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیە سوودمان لە میتۆدی وەسفی – شیکاری وەرگرتووە. لەپاڵ ئەمەشدا سوودمان لە تیۆری ڕەخنەی ئەفسانە (نقد الاسطوری) وەرگرتووە

## پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم تـوێژینەوەیە پێکـدێت لە چەنـد تەوەرەیەک، تەوەری یەکەم بـاس لە چەمـک و زاراوەی ئەفسانە دەکات، تەوەری دووەم باس لە ئەفسانەی کوردی دەکات، تەوەری سێیەم باس لە تایبەتمەنـدییەکانی ئەفسـانەی کـوردی دەکـات، تەوەری چوارەم بـاس لە بوونیـاتی هـونەری ئەفسانەکانی نـاوچەی پشـدەر دەکات لە ڕووی ڕووداو، پـاڵەوان، زمـان، کـات و شـوێن بوونیـاتە هونەرییەکانی ئەفسانەکان خراوەتە بەردەست.

### ١-چەمک و زاراوەی ئەفسانە:

دەبینین لە نێو میللەتان ئەفسانە چەند مانا و چەمکێکی جیای هەیە، ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی ئەفسـانە بابـەت گـەلێکی ئـاڵۆزە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەتـوانین بڵێـین: (وشـەی ئەفسـانە لــە زۆربــەی زمانــە بێگانەکانــدا بەرامبــەر وشــەی (myth, mythos) ە. میتۆلۆژیــا بـە عـەرەبی (علـم الأسـاطير) و بـە ئینگلیـزی (mythology) و بەفەڕەنسـی (mythologie)و بـە ئــەڵمانی (mythologie) پێــدەڵێن، وشــەیەکی ئەورووپییــە کــە لــە هەنــدێك لەزمانــە نائەورووپییەکانیشـدا وەك کـوردی و فارسـی و تـورکی بـەکاردەهێنرێت، وشـەکە لـەبارەی ئیتمۆلۆژییەوە دەچێتەوە سەر وشەی (mythos) ی یۆنانی، بە مانای ئەو چیرۆك و داستانانە دێ کـە باسـی خـودا و پاڵـەوانانی ئەفسـانەیی دەگێڕنـەوە، زاراوەی ئەفسـانە (Myth) بـەمانای

کۆمەڵێك ڕەگەز (توخم) لە هێما ئاینییەکان بەکاردەهێنرێت، کە لە وشەکانی ڕەمزی دیکە جیادەکرێنەوە وەکو پەرستنەکان و نەریت و شوێنەکانی، ڕووداو و بابەتەکانی ئەفسانە ڕووداوی لەتوانا بەدەر نائاساییین، کەسایەتییەکانیش خواوەند و مرۆڤە پاڵەوانەکانن کردەوەی نائاسایی ئەنجام دەدەن)(الجورانی، ١٩٨٢، ١١).

لە نووسینە ئێرانییەکاندا، زیاتر زاراوەی (اسطورە) لەبەرامبەر (میث) دادەنێن، (دکتۆر مهردار بهار) لێکۆڵەری ئێرانی لەبارەی (اسطورە) دەڵێت: اساطیر کۆکراوەی زاراوەی اسطورەیە لە زمانی عەرەبیدا، لە زمانی یۆنانی (Historia) بە مانای لێکۆڵینەوەو گەڕان، ئاگادار بوون و (Historian ) بە مانای لێکۆڵینەوە و شەرح کردن دێت(دوست،١٣٨١، ١).

لە زمانی کوردیدا لە فەرهەنگی کوردستاندا ئەفسانە بەواتای ((چیرۆك و بەسەرهاتی پڕوپوچ)) (موکریانی،١٩٩٩، ٣٣) هاتووە. لە فەرهەنگی خاڵدا ئەفسانە بەواتای ((بەسەرهات و سەرگوزەشتی پڕوپوچ هاتووە))( خاڵ،٢٠٠٥، ١٥). ئەفسانە زاراوەیەکی پەسەندکراوە لە ڕەخنەی هاوچەرخدا، کە ئاماژە بۆ ئەم بابەتە و بەشێکی زۆری ماناکانی ئەم بوارەی لەخۆ گرتووە، کە هەریەك لە ئایینەکان و فۆلکلۆر و زانستی مرۆڤ و سۆسیۆلۆژیا و دەروونشیکاری و هونەرە جوانەکان تیایدا بەشدارن.

لەسەدەکانی هەڤدە و هەژدەدا، لەسەردەمی ڕۆشنگەری ئەم زاراوەیە مانایەکی نەرێنی هەبوو، کە ئەفسانە پەنا بۆ خەیاڵ و فیکری زانستی و نا واقیعییانە دەبات، لەکاتێکدا ئەم هەڵوێستە نەرێیەی کە ئەفسانەی ڕەتکردەوە، لەگەڵ بوژاندنەوەی بزوتنەوەی ڕۆمانتیکی لە ئەوروپا گۆڕانی بەسەردا هات، لەڕۆمانتیکەکانی ئەڵمان (کۆلدریج) و (ئیمپرسۆن) و(نیتجە)، کە بەشێوەیەکی پلەبەندی ڕابەرایەتی ئەو بۆچوونەیان دەکرد و دەیانگوت چەمکی ئەفسانە وەکو چەمکی شیعر جۆرێکە لە هەقیقەت یان هاوشێوەی هەقیقەتە، بەڵام دژی هەقیقەتی زانستی یان مێژوویی نییە، بەڵکو سەرخەر و یارمەتیدەریەتی (بڕوانە: ویلك،١٩٧٢، ٢٤٥-٢٤٦ و النوری،١٩٨١، ١١).

ناساندن و پێناسەکردنی ئەفسانە کارێکی ئاوا ئاسان و سادە نییە، بتواندرێت لە دوو یا سێ دێردا کۆبکرێتەوە و مانای پڕاوپڕی ئەفسانە بگەیەنێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت و ئەفسانەی پێ بناسرێتەوە، چونکە لەگەڵ ئەفراندنی مرۆڤ و دروستبوونی گەردوون و پەیدابوونی ژیان و سەرەتای بیرکردنەوەی مرۆڤ ئەفسانە سەریهەڵداوە. ئەفسانە بەرهەمی بیری مرۆڤە، بەردەوامیش لەگەڵ مرۆڤ و بیرکردنەوەکانیدا بووە (ئەفسانە، تەمەنی بەقەد کۆنی تەمەنی مرۆڤە، لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤ توانای کارو بیرکردنەوەی پەیداکرد، دەستی کرد بە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی سروشت و کۆمەڵ، ئەم گوتارە لە بۆتەی ئەفسانەو نەخش و پەیکەرتاشی و سەما، نەوە لە دوای نەوە لێکیان وەرگرتووە و دەیدەنەوە یەك)

(دروشـیان،١٢٨٧، ١٣). سـەرەتای گوزارشـتـکردنیانە لـە ڕووداو و سروشـت و لێکدانەوەیانـە بـۆ دیاردە سروشتییەکان، بە تێڕوانینێکی خەیاڵی، کە بە میرات لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر ماوەتەوە. ئەفسانە قۆناغی منداڵی مرۆڤایەتی دەنوێنێت. چونکە گوزارشتە لە قۆناغی منداڵی کۆمـەڵگا، باشـترین بـەڵگەیـە بـۆ زانینـی بیروباوەڕەکـانی خـەڵك و جـۆری بیرکردنـەوە و زانیـاری و شارسـتانییەت و مێژوویـان، هـەروەها ئـەو ئاسـتە ژیـری و هۆشـیارییەی کـە پێـی گەیشـتوون. واتـە ئەفسـانە زادەی خەیاڵـە، دەربڕینـی مرۆڤـی سـەرەتاییە، وەکـو کلتـورێکی نەتەوەیی بە بایەخ و بەهادارە.

ئەفسانە لـە ئینسـکلۆپیدیای بـەریتانی (بریتییـە لـە چیرۆکێکـی ڕەچەڵـەك یـاخود سـەرچاوەی نەناسـراو کـە شـرۆڤەو ڕاڤـەی هەنـدێ لـەبیروباوەڕە ڕاسـتەقینانە دەکـا کەبەلایـەنی کەمـەوە دەگەڕێنـەوە بـۆ کەلـەپوورێکی بەڕواڵـەت وابەسـتە یـاخود پەیوەسـت بـە ڕووداو و کارەساتەکانەوە)(عباس،٢٠٠٨، ١١).

پیترمۆتر (Peter Muter) دەڵێت: (( ئەفسانە یا وێنەی مەجازی(Myth) یان (Mytho) جۆرە چیرۆکێکـە تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، بەئاسـانی تێکـەڵی ئـەو چیرۆکانـە دەبـێ، کـە سـیمایەکی خـورافی یـان سـیحرییان هەیـە)) (جوتیـار،٢٠٠٦، ١٧٠). یـەکێکی تـر لـە پێناسەکانی ئەفسانە دەڵێت: (بیروباوەڕی مرۆڤی سـەرەتایی لـە ئەفسـانەکانەوە دەسـتپێدەکات و دواتر لەسەردەمە تازەکاندا وەکو ئاین دەردەکەون، کەواتە ئەفسانە ئاین و زانستی مرۆڤی ڕۆژانی زووە و زانیارییە مەعنەوییەکانییەتی. ئەو زانستەی پتر لەشیوەی هێماو دڵبینیدا خۆی دەنوێنێ و لە یاسا زانستییەکانی قۆناغە مێژووییەکانی دواتر دوورە) (علیپور،١٣٨٧، ١٤).

ئەفسانە بەرهەمێکی کۆنەو هی بەر لەمێژووە ((ئەفسانە بەرهەمێکی خۆڕایی نییە، بـەڵکو گێڕانـەوەی ڕووداوەکـانی بـەر لەنوسـینەوەی مێـژووە، بـەر لـەوەی مـرۆڤ فێـری نووسـین بێت. بەواتایەکی وردتر، نیشانەی بیرکردنەوەی مرۆڤە، بەهۆی مێشکەوە، ئەو ڕووداوانە دەم بە دەم، پشت بە پشت بۆ ئێمە ماوەتەوە، سەرەڕای ئەوە دەقێکی ئەدەبی پڕ تام و بەلەزەت و سەرنج ڕاکێشە و بەپەڕی هونەرییەوە ڕازاوەتەوە، بۆیە تائێستا چێژی تایبەت و گوێگری خۆی هەیە)) (عەدۆ،١٩٨٧، ١٠١).

## ٢- سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەفسانەی کوردی

سـەرەتا ((ئەفسـانە بەکارهێنـان و ئامـاژەکردنە بـۆ نـاوی ئەو ئەفسـانە جیهـانی و خۆمـاڵییە ناسـراوانەی کە لە نێـو خەڵکیـدا ناسـراون، بـۆ ڕوونکـردنەوەو گوزارشـتـکردن لە دۆخێـک بەکاردەبرێن و دێنە نـاوەوە لەنێو داستانە فۆلکلۆرییەکاندا، ئەوجا چ جیهـانی بـن یـاخود خۆمـاڵی بن)(ئەحـمەد، ٢٠١٩، ٢٠٥). گومـانی تێـدانیە کە قسـە و باسـی زۆر لەسـەر سەرەتای سەرهەڵدانی ئەفسانە کراوە، ڕەخنەگران بۆچوونی جیاوازیان لە بارەی پەیدابوون و

چۆنیەتی پەیدابوونی ئەفسانە خستووەتە ڕوو، تەنانەت زانایان و ڕەخنەگران چەند گریمانە و تیۆرێکی جیاوازیان بۆ سەرەتای ئەفسانە باسکردووە، لەوانەش تیۆری سروشتی، ئایینی، مێژوویی، ڕەمزی، هەروەک دەبینین بەشێک لە ڕەخنەگران دەرکەوتنی ئەفسانە، بە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی پەیوەست دەکەن، بەشێکی تریشیان مێژووی ئەفسانە بۆ چەند قۆناغێک دابەشدەکەن، قۆناغی بەر لە پەیدابوونی نووسین، یان سەردەمی بەر لەپەیدابوونی مێژوو، قۆناغی دوای پەیدابوونی نووسین و پێشکەوتنی شارستانییەت.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونە گشتییەکان لەگەڵ ئەوەدا کۆکن کەوا سەرەتای باسکردن و دەرکەوتنی ئەفسانە دەگەڕێتەوە بۆ لای فەیلەسوف و ڕەخنەگرە یۆنانییەکان، بەتایبەت ((ئەفسانە، لە یۆنانا سەرچاوەی ئیلهامی فەیلەسووفەکان بووە))(سەجادی، ١٣٩١، ١٢٠). دواتر سنووری وڵاتان و لێکۆڵینەوە جیهانییەکانی بڕیوە و لێکۆڵینەوەی زۆریش لەو بارەیەوە لەبەردەستە، باسکردنی ئەو مێژووە دوور و درێژە و قسەکردن لەسەر ئەو گریمانانە ڕێڕەوی کارکردنی ئێمە لە مەبەستی سەرەکی باسەکەمان دووردەخاتەوە، لەبەرئەوە زۆر لەسەر ئەو بابەتە ناوەستین.

قسەکردن لە مێژووی ئەفسانەی کوردی، وەک زۆربەی نەتەوەکانی جیهان و ئەو بۆچوونانەی لەبارەی مێژووی ئەفسانەی جیهانییەوە هەیە و لەبەردەستە، بۆ نەتەوەی کوردیش هەر دروستە، چونکە دیاریکردنی دەستپێکێکی دیار و سەرەتایەکی ڕۆشن بۆ ئەفسانەی کوردی کارێکی سەختە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد بۆچوونی جیاوازیان دەربڕیوە، ئەوەتا عەلائەدین سەجادی دەربارەی ئەفسانەی کوردی دەڵێت: ((ئینجا هی کورد، پیاو ئەو شکەی نامێنێتەوە ئەم شتانە کە ئێستە ماوەتەوە و دەماودەم ئەگێڕڕێتەوە، لوێچێکە لە سەرچاوەی زۆر کۆن؛ لە هی ئەو سەردەمە کە ئەگەر بە ڕۆژ کارەسات و بەسەرهاتێکیان هاتبێ بە شەو کە کۆ بوونەتەوە گێڕاویانەتەوە. ئەگەر شتێکی زۆر بەلاجەوی بووبێت دەماودەم کەوتووە و لە شوێن هەوارگەی خۆی پەڕیوە بۆ شوێنێکی تر و زیاد و کەمیشی پێوە نراوە))(سەجادی، ١٩٨٢، ١٢٢). کەواتە بەگوێرەی داب و نەریتی کۆمەڵگا دروست دەبێت، هەموو هەڵسوکەوت و ڕەفتارو بۆنە کۆمەڵایەتیەکان و ژینگەی ئەو کۆمەڵگەیە ئەفسانەی لێ پێکدێت، لەبەر ئەوەی میللەتی کورد لەسەرەتاوە مێژوی ئەدەبی نوسراومان نەبووە و سەرزارەکی بووە، بۆیە زۆربەی نوسەرە ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاواییەکان لەسەریان نوسیوین، هەروەک مەولود ئیبراهیم حەسەن دەڵێت: (( ئەو دیدە ئەفسانەیەش خوێندراوەتەوە کە لە کۆنەوە هەندێ لە مێژوو نوسان، مێژوو و ڕەگەزی میللەتی کوردیان پێ خوێندۆتەوە، لەوانە (مسعودی) کە باس لە بنەچەی (جنۆکەی)یی میللەتی کورد دەکات. هەروەها ئەفسانەی دروست بوونی (ئەژدیها) و بە ئەژدیها بوونی (ئەستیاگ) پاشای

مادەکان، کە لەوەشدا زۆر ڕاستی گۆڕاوەو خەیاڵاوی و ئەفسانەیی کراوە)) ( حەسەن، ٢٠٠٧، ١١ ). کەواتا بیرو باوەڕی ئەفسانە لەو کاتە سەریهەڵداوە کە مرۆڤ لە ئەشکەوت دەژیا، بیری لە پەروەردگار کردۆتەوە لەو ڕۆژەوە مرۆڤ چاوی کراوەتەوە، زمانی پژاوە ((ئەفسانەکان، تەمەنێک بەقەد تەمەنی مرۆڤیان هەیە، لەو کاتەوە مرۆڤەکان هێزی ئیشکردن و بیرکردنەوەیان دۆزیەوە، دەستیانکرد بە ڕوناکردنەوە و شیکردنەوەی سروشت و کۆمەڵگە ئەم بابەتە لە چوارچێوەی ئوستورە، وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، سەما، پشتاوپشت بۆ یەکتریان گواستەوەو دەیگوازنەوە)) (حەوێز، ٢٠١١، ١٦).

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین مێژووی ئەفسانەی کوردی بەپێی سەرچاوەکانی بەردەست و بۆچوونی ڕەخنەگران بگەڕێنینەوە بۆ قۆناغی ئەشکەوت و قۆناغی ڕاوشکاری، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیاری مرۆڤیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

### ٣- خەسڵەت و بوونیاتی ئەفسانەی کوردی:

ئەفسانە لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهاندا، ئەدگار و خەسڵەتی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەشێک لەو خەسڵەتانەش جیهانین و لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلاندا هاوبەشن، بەشێکیشیان تایبەتن بەو گەل و نەتەوانەی ئەفسانەکەی تێدا لەدایکبووە. لە خوێندنەوەی وردی ئەفسانە کوردییەکاندا، دەگەیینە ئەو ڕاستییەی، ئەفسانەی کوردی خودان چەندین ئەدگار و خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی، لەم تویژینەوەیەدا ئەگەرچی لە تەوەرەکانی دواتردا بە شێوەیەکی پڕاکتیکی تایبەتمەندی و ڕەگەزەکانی چەند نموونەیەکی ئەفسانەی ناوچەی پشدەر خستووەتە بەردەست، لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی لە چەند خاڵێکدا بخەینە ڕوو، ئامانجیش لێی دەرخستنی ئەو خەسڵەتە هونەری و بوونیادە هونەرییەیە کەوا ئەفسانەی کوردی بەرجەستەی دەکات و مۆرکی نەتەوەیی خۆی زاڵ دەکات بەسەر ئەفسانەی نەتەوە جیاوازەکانی تردا، لەلایەکی تر ناکرێت باسی ئەفسانەی کوردی بکەین و بوونیادە هونەرییەکانی بخەینە ڕوو، بەڵام باسی تایبەتمەندییەکان نەکەین.

1. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەفسانەی کوردی ئەوەیە؛ خۆی لەگەڵ سەردەمە جیاوازەکاندا گونجاندووە، هەروەک چۆن ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەشێوە گشتییەکەی شەقڵی سەردەم و ئەو گەل و زمانەی خۆی پێوە دیارە، ((ئەدەبی فۆلکلۆر شەقڵی تایبەتی ئەو گەلە، یا ئەو زەمان و دەورەی خۆیی پێوەیە، نەخوازە لە وێنە و بیردا، لێرەدا مەبەست ئەوەیە، کەوا ئەدەبی فۆلکلۆری شەقڵی ئەو گەلەی پێوەیە کە خولقێنەرێتی، واتا خورەوشت و نەریتی ئەو گەلە دیاری ئەکات، هەروەها ئەو ڕۆژگارەی ئەو ئەدەبە فۆلکلۆرییەی تیادا لەدایکبووە و گەشەی تیادا کردووە))(موکری، ١٩٨٤،

٣٤)، بەهەمان شێوە ئەفسانەکانیش لە وێنە و هزر و پاڵەوان و ڕووداوەکاندا دەربڕ و ڕەنگدەرەوەی ئەو سەردەمەن کەوا دەقەکەی تێدا دەگێڕدرێتەوە و نەوە لەدوای نەوەش بەردەوام دەبێت.

2. لە ئەفسانەی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی ململانێی نێوان هێزی چاکە و هێزی خراپە دەردەکەوێت، لەبەرئەوە کێشەی مرۆڤ لەگەڵ دێو و درنج یان مرۆڤی خراپەکار دەبێتە بابەتی ئەفسانەکان ((ئەفسانەی کوردی وێنەی کێشەی نێوان دێو و درنج و ئادەمیزاد ئەکات بەنیشانەی ئەو کێشەیەی لە زۆر کۆنەوە لە کۆمەڵی ئادەمیزادا و لەنێوان هێزی چاکە و خراپەدا، یا هێزی خێرخوا و هێزی خراپەو بەدیدا بەرپابووە)) (رسول، ١٩٧٩، ١٨). جگە لەمەش وێنەی مار و ئەژدیها لە ئەفسانەی کوردیدا بۆ جۆرێک لە هێزی شەڕانگێزی و خراپەکاریدا بەکارهاتوون، لەبەرئەوە لە ئەفسانەی کوردیدا دەتوانین بڵێین مرۆڤ بەردەوام لەبەردەم ململانێیەکی بەهێزدایە لە پێناو سەرکەوتنی هێزی چاکە بەسەر هێزی شەڕانگێزی و خراپەدا.

3. پاڵەوان لە ئەفسانەی کوردیدا مرۆڤە و لەبەرامبەر دژەکانی دەوەستێتەوە، ئەو هێزە دژەش دەشێت دێو یان مار یان ئەژدیها بێت، زۆرجاریش هێزی دژی بەرامبەری مرۆڤە، بەڵام دەچێتە سەرشێوەی دێوێکی دڕندە یان پیرەژنەیەک یان شێوەکانی خۆی دەگۆڕێت، ئەوەش لە ئەفسانەدا شتێکی مەحاڵ نییە، زۆرجاریش پاڵەوانی ئەفسانەکان ئەوە دەزانێت کە ((دێو هەر ئەو لاشەیە نییە، بەڵکو "کولەکەی ڕۆح" ی هەیە، واتا هێزی بەد بناغەیەکی هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و ئەبێ ئەو بناغەیە نەهێڵرێ، بۆیە قارەمانی ئەفسانە هەمیشە هەوڵی ئەوەیەتی کە "کولەکەی ڕۆحی" دێوەکە بشکێنێ و بەو جۆرە لەناوی بەرێت)) (رسول، ١٩٧٩، ١٩) هەروەک لە ئەفسانەی (گەڵای دار بی، سپلیخان) دەردەکەوێت، بۆ نموونە لە ئەفسانەی (سپلیخان)دا، حیکایەت خوان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((سپلیخان کولەکەی ڕۆحی هەردووک دێوەکان لەگەڵ خۆی دێنێ. لای ئێوارێ ئەگەر دێوەکان دێنەوە و تەماشا دەکەن، ئەوە دەرکەی ئەشکەوتەکەیان کراوەتەوە و سپلیخانیش نەماوە! دێوەکان بەدوایاندا دەڕۆن، لە ڕێیە دەیانگەنێ و لێیان دەبێ بەشەڕ. سپلیخانیش شارەزا دەبێ، دەزانێ ئەگەر کولەکەی ڕۆحی دێوەکان بشکێنێ، دێوەکان لەناودەچن. کولەکەکان دێنێ و هەردووکیان بە بەردان دەشکێنێ، ئەوجا هەردوو دێوەکە لە جێگای خۆیان دەتۆپن))(محەمەد ئەمین، ٢٠١٠، ٩٥).

پاڵەوان و کارەکتەرەکانی ئەفسانەی کوردی لە ڕەگەزی مرۆڤن یان تێکەڵەیەکن لە ڕەگەزی مرۆڤ و دێو و درنج و کارەکتەرە ئەفسانەییەکانی تر ((پاڵەوان بەشێوەی ڕۆڵگێڕی ئەفسانەی و کارەکتەری ئەفسانەیی، خۆی لە دێو و جن و

پەری و شـەیتان و هاوچەشـنـەکانیاندا نمـایش دەکـات و ئەم پاڵەوانـانە هەر بە سروشـتـی خۆیـان لەنێـو ئەفسـانە، پـاڵەوانێکی ئەفسـانەیین و هێزگەلێکـی ئەفسـانەییان هەیە و کـاری سـەیر و ئەفسانەیی دەکەن. جـگە لەو پاڵەوانـانەی کە ئاسـاییـن و کەچـی کـاری ئەفسانەیی دەکەن)) (حەسەن، ٢٠٠٧، ١٧٨).

4. کـات و شوێن لە ئەفسانەی کوردیـدا تـا ڕاددەیەک نـالۆجیکین، بەجۆرێـک ڕێـگـایەکـی درێـژ بە چەنـد چرکەیەک پیشاندەدات، کاتێکی دوورو درێـژ بە جۆرێـک کورتـدەکاتەوە کەوا لە ئاستی واقیعی خۆیدا نەبێت، بە واتایەکی تر سنوورێکی دیاریکراو بۆ کـات و شـوێن بەردەسـت نییە، بەڵـکـو کـات و شـوێن لە چوارچێوەی کـات و شـوێنـی ئەفسـانەیی خۆیان بەرجەستە دەکەن، شوێنیش بۆ ((حیکایەتی ئەفسانەیی هێزێکە جیا لە شوێنی ئاسایی و هێزێکە لە هێزەکانی ئەفسانە))(حەسەن، ٢٠٠٧، ١٨١).

5. ئەفسـانەی کوردی ڕەنگـدەرەوەی بـارودۆخ و نەریـتە کۆمەڵایەتی و ڕەوشـتییەکانی گـەلـی کـوردە، بەو واتـایەی شـەقڵی کـوردانەی خـۆی پێـوە دیـارە، هەروەهـا ڕەنـگـدەرەوەی قۆنـاغە مێژووییەکـانی گـەلـی کـوردە، هەروەک دەبـیـن لە بەشـێک لە ئەفسـانە کوردییەکـانـدا پیـرۆزی ئـاگـر و ئەو نەریـتـە کوردییـانەی ئامـاژەن بـۆ بەر لە پەیـدابوون و بڵاوبـوونەوەی ئـایینی ئیسـلام، ((لە ئەفسـانە و چیرۆکـی کوردیـدا گـەلـێ نەریت و بیـر و بـاوەڕی کـۆنـی ئایینـی پێش ئیسلام بەدیار ئەکەوێ، وەکو پیرۆزیی "ئاگر"، بەدیی "مار" کە لەسەر شانی ئەژدەهاکدا بە مێشکی لاوان بەخێو ئەکران، هەروەها ئایینی ئیسلامیش دوای مسـوڵمان بـوونی کـورد، بەرە بەرە کـاری کـردە ئەفسـانەی کـوردی)) (مـوکری، ١٩٨٤، ٤٨). لەدوای بڵاوبـوونەوەی ئـایینی ئیسـلام دەبینـین هەنـدێ نەریتـی ئـایینی یـان پاڵەوانەکـان بە نـاوی (ئەحـــمەد و مـــحەمەد و مەحمـــوود،...) نـــاودەبرێن و کردەوەکانیشـــیان لە تێـــڕوانینە ئایینییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

6. زمـانی ئەفسـانە و حیکـایەتی ئەفسانەیی، لە هەنـدێ بـاردا زمـانێکی سـادە و بـێ گـرێ گـۆڵە، بەڵام بەپێـی بۆچـوونی نووسـەران و ڕەخنەگرانـی تـر، پێیـان وایە زمـانی ئەفسـانە زمـــانێکی خـــوازەییە، ((زانایـــانی بـــواری ئەنثرۆپۆلـــۆژی ئەوە دەستنیشـــان دەکەن کە پەیوەنـدییەکی پتەو لەنێوان ئەفسـانە و هێمـادا هەیە، چونکە ئەفسـانە کانگـایەکی دەوڵەمەنـدی دەلالەتە ڕەمزییەکانە))(احمـد، ٢٠٢٤، ٤٥). لەبەرئەوە ئەفسـانە و حیکـایەتە ئەفسـانەییەکان لەگەڵ بـوونی زمـانێکی سـادە، بەڵام واتـا و مەدلـولی جیـاواز دەبەخشـن ((لەڕووی زمانەوە ئەفسانە کوردییەکان دەتوانرێت مانا و دەلالەتی تریان لێ بخوێنرێتەوە، چـونکە ئەفســانە و ڕەمــز پەیوەنــدییەکی پتەویــان بەیەکەوە هەیە، زمــانی ئەفســانە بەگشتی شێوازێکی ناڕاستەوخۆی هەیە، لەبەرئەوە لە ئەفسانە گرنگی بە مانای ڕوون

و ڕەوان نادرێت و بەکارهێنانی ڕەمزیش بۆ شاردنەوەی مانا ڕاستەوخۆکان لە ئەفسانەدا شتێکی باوە))(حەمە غەریب، ٢٠١٩، ١٢٥).

7. ئەفسانە کوردییەکان لە ڕووی گێڕانە و بەسەرهات و ڕووداوەکانیان لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان تاڕاددەیەک هاوشێوەی یەکترین، ئەگەرچی لە هەندێ تایبەتمەندیدا جیاوازییان هەبێت، بەڵام بنەڕەتی ڕووداوەکانیان هاوشێوەن.

8. لە ئەفسانەی کوردیدا هەست و سۆز بەسەر ئەقڵ و مەنتقدا زاڵە، بۆیە دەبینین بڕیار و ڕەفتاری کارەکتەرەکانی ناو ئەفسانەکان بە شێوەیەکی لۆژیکی ناڕۆن، بۆیە ((زەحمەتە جیاوازی لە نێوان وەهم و واقیعدا بکەی یان ماددی و میسالی یان داواکراو و پێشکەشکراو یان لەنێوان ڕەمز و بۆ ڕەمزکراو، ئەمە جگە لەوەی بیرکردنەوە ئەفسانەیی و ئوستوورەییەکان لەنێوان مەنتق و نامەنتیقدا عەقڵیەت و ناعەقڵییەتدان)) (حەمە غەریب، ٢٠١٩، ١٢٨).

9. یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردی ئەوەیە کەوا ئەفسانەی کوردی لەگەڵ ئەوەی تۆپۆگرافیای دەقەکان بەشێوەی پەخشانە، بەڵام زۆرجاریش زمانی شیعر و دەقی شیعری فۆکلۆری تێدا تێکەڵ دەکرێت، ئەم تایبەتمەندییەش لەو نموونانەی وەرمانگرتووە لە تەوەرەکانی دواتردا ڕوونمانکردووەتەوە.

**٤- کورتەیەک لەبارەی ئەو دوو کۆمەڵە ئەفسانەی ناوچەی پشدەر:**

هەڵبەت هەڵکەوتەی سنووری جوگرافیای کوردستان بەجۆرێک دابەشبووە کەوا هەریەک لەو ناوچانە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی فۆلکلۆری بوون، نەتەوەی کورد لە فۆلکلۆردا یەکێکە لە نەتەوە دێرین و دەوڵەمەندەکانی جیهان، ژیانی تایبەتی گەلی کورد و وێنەی جیاواز و گۆڕانی ناوبەناو و بوونی سروشتێکی جیاواز بوونەتە هۆی ئەم دەوڵەمەندییە، هەروەک بوونی چەند دیالێکتێک هەندەی تر دەوڵەمەندی کردووە، هەروەها زرووفی تایبەتی گەلی کورد  و درەنگ دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی نووسین و خوێندەواری، وای کردووە بەشی زۆری ئەدەبی میللی بەناوی خاوەنەکەیەوە تۆمارنەکرێت و و ئەوەش دەماودەم و پشتاوپشت بمێنێتەوە و بچێتە سەر گەنجینەی ئەدەبی فۆلکلۆرمان، لەبەرئەوە ئەدەبی فۆلکلۆرمان بە زاری ناوچەیی و دیالێکتە جیاوازەکان نەک هەر دەبێتە هۆی جۆراوجۆری پاشخانی ئەدەبی فۆلکلۆریمان، بەڵکو بووەتە هۆی دەوڵەمەند کردنی ئەدەبەکە خۆی.

ناوچەی موکریان بەگشتی و پشدەر بەتایبەتی لە ڕووی جوگرافییەوە تا ڕاددەیەک هاوبەشە لەنێوان کوردستانی باشور و کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بۆیە خاوەن ئەدەبێکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆرییە، خەڵکی ئەم ناوچەیە بە ڕۆژ خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

خەریکبـــوون و شەوانیشـــیان بە گێـــڕانەوەی حیکـــایەت و ئەفســـانە و پەنـــد و یـــارییە کوردەوارییەکـــان بەســـەر بـــردووە، ئەم کلتـــورەش وایکـــردووە، ئەم بەرهەمـــانەی ئەدەبـــی فۆلکلـۆری نەفەوتـێن و نەوە دوای نەوە بگێـڕدرێنەوە و ڕواڵەتـی سـەردەمەکەش وەربگـرن، ((لەناوچەی موکریان چەندین کەس هەن کە چیرۆکخوانن، توانای گێڕانەوەی ئەفسانەی ناوچەکەیـان هەیە، بەشـێوەی پشتاوپشـت و دەمـاودەم بیسـتویانن و دەیـانگێڕنەوە، لە کـاتی گێڕانەوەیدا، لەگەڵ ئەوەدا بەپێی سەردەم شتی بۆ زیاد و کەم دەکەن))(سەرگرمە،٢٠٢٠، ٦).

ئـێمە لەو تـوێژینەوەدا سـوودمان لە دوو کـۆمەڵە ئەفسـانە وەرگرتـووە، بەنـاوی (ئەفسـانەی کـوردی) کە هەردوو ئەفسـانەی (سـەلیمی جەوهەری و شـێرۆ) لەخۆدەگرێـت، لە لایەن (ڕێبوار جەمال سەگرمە) کۆکراونەتەوە و نووسراونەتەوە، کەوا هی ناوچەی پشدەرن و لە کەسە بەتەمەنەکانی ئەو ناوچەیە وەریگرتوون. ئەوی تریان بەناوی (مەڕوانە هەڕەشەی دێوان بـڕوانە جەوهەری پیـاوان) بـریتییە لە دە ئەفسـانەی تـایبەت بە دێو  لە نـاوچەی پشـدەر، مامۆســـتا (زیـــاد مـــحەمەد ئەمـــین) لە چەنـــد ژن و پیـــاوێکی بەتەمەن وەریگرتـــوون و کـۆیکردوونەتەوە. ئەفسـانەکانی نـاو ئەو کتێـبە بـریتین لە (هەزووزێ سـەر مـازوو، گـۆزە فرۆش، گەڵای دار بی، ئەحمەد پاشا و فندقی دێو، کۆلکەدار، سپلیخان، ددان دەرزی، هەمزە پـاڵەوان، پاشـای بـێ منـداڵ، پاشـای ڕۆژهـاتێ و پاشـای ڕۆژاوایە). لەم کـۆمەڵە ئەفسـانانەدا ئەفسانەی (هەزووزێ سـەر مـازوو، ددان دەرزی) تـاڕاددەیەک لە ڕووی گێـڕانەوەی ڕووداوەکـان و پاڵەوانەکـــان هاوبەشـــن و لەیەک دەچـــن، بەتـــایبەت لە ســـەرەتای گێـــڕانەوەکەدا، بەڵام ڕووداوەکانی ئەفسانەی هەزووزێ سەر مازوو درێژترن.

ئەم ئەفســـانانە لە ڕووی بوونیـــاتی هـــونەری و ڕەگەزەکـــانی گێـــڕانەوەدا مـــۆرکی کوردەوارییـــان پێـــوە دیـــارە، بەتـــایبەت کلتـــور و داب و نەریتـــی کـــوردەواری، لەوانە شـــایی و زەماوەنـدی هاوسـەرگیری و ئاوهێنـان لە کـانی و ڕێوڕەسـمە ئایینییەکـان، لەلایەکـی تـریش زمـانی گێـڕانەوەی دەقەکـان بەزاری موکریـانی زیـاتر مرۆکـی نـاوچەیی بەو دەقانە بەخشـیوە. ئێمە لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین بوونیاتی هونەری و تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵە ئەفسانەیە لە چەند ڕەهەندێکەوە بخەینە بەردەست.

## ٥- بوونیاتی هونەری لە کۆمەڵە ئەفسانەی (مەرِوانە هەرِەشەی دێوان برِوانە جەوهەری پیاوان) و (ئەفسانەی کوردی)

### أ.ڕووداو

بەگشتی ڕووداوەکانی ئەفسانە پڕ گرێ و گۆڵ و چرِوپرِن، زۆر بەناو یەکدا دەچن، چێژ بە گوێگر و خوێنەر دەبەخشێت، سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت ولە سەرەتاوە تا کۆتایی پەلکێشی دەکات و ناتوانێت لێی دابپرێت و دەیەوێت زوو ڕووداوەکانی تریش بزانێت بۆ ئەوەی بگاتە کۆتایی چیرۆکەکە، ڕەگەزی خەیاڵ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا، دەگونجێ هەموو ئەفسانەیەکی کوردیش بە هەمان شێواز و لەسەر هەمان پێوەری ئەفسانەی جیهانی پێک هاتبێتن. لە ڕاستیدا وردە جیاوازی لە ناو پێکهاتەی ئەفسانەی گەلاندا هەن، بەڵام لە پێکهاتەی سەرەکیدا وەک یەک سازکراون. جوگرافیا و ئایین و ژیانی ژێردەستی و ستەمی هەمەلایەنە، تا ڕادەیەک دەتوانن کار بکەنە سەر چۆنیەتی و ڕەوت و ناوەرۆکی چیرۆک و ئەفسانەی نەتەوەکان.

سەرجەمی ئەفسانە و ڕاز، لە ڕاستیدا خولیا و باوەڕی ئەو مرۆڤانەیە کە بەردەوام دیلی نهێنی و ڕاستییەکانی دەروەی خۆیانن. مرۆڤی سەرەتایی ویستوویانە لە جیهانی ئەفسانەدا بە شوێن ڕاستییەکانی ژیاندا بگەڕێن و خولیا و ئاواتەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن، ((بێگومان ئەفسانەکان ڕووداوی بابەتییانە و دروست نین، هەروەها چەند کۆنن ئەوەندەش نوێن، بە گوێرەی کات و شوێن، بەهێزی و بێ هێزییان، کاریگەرییان بە ئێستاوە دیارە))(محەمەد ئەمین، ٢٠١٠، ١٢). لەبەرئەوە ئەگەرچی ئەفسانەکان پەیوەستن بە ڕابردووەوە، بەڵام کاریگەری و پەیوەندییان بە ژیاری مرۆڤایەتییەوە هەیە. هەر کات لە بەندی ئەم ئەفسانانە دەرباز بووبێتن، چیتر نیازیان بە دروستکردنی ئەفسانە نەماوە. بە واتایەکی تر مرۆڤ زەمانێک لە ئەفسانە ڕزگاری دەبێ کە لە کۆیلەتی هێزەکانی دەرەوەی خۆی ڕزگاری ببێت.

ڕووداوەکانی ئەفسانە وەک بناغەیەک وان، لە بوونیاتنانی دەقی ئەفسانەدا، ئەوەی جێی سەرنج و تێبینییە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی و یەک لە دوای یەک ڕوودەدەن و پەیوەندییەکی پتەو سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بەیەکەوە بەستووەتەوە، لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە ((ڕووداوەکان هەڵگری ئەو بابەت و بیرەن، کە لە پشت دروستکردنی ڕووداوەکانی حیکایەتەوە دێن، چونکە هیچ ڕووداوێک بە بێ هەڵگری مەبەستێک یان شتێک نایەتە بوون و گێڕانەوە)) (شعیا، ٢٠٢٤، ٣٣).

ڕووداوەکان لە ئەفسانەی (سەلیمی جەوهەریی)دا، ئاڵۆز و بەناویەکدا چوون، خۆی لەخۆیدا هەر لەسەر ئەو بنەما و ئامانجە پێکهێنراوە، سەلیمی جەوهەریی دەیەوێت لەرێی ئەو

ڕووداو کێشە و گرفتانەی بەسەریدا هاتووە، لەلایەک سەرنجی پاشا رابکێشێت، لەلایەکی ترەوە ئەو خەم و خەفەتەی لەبیر بباتەوە، کە بەهۆی مردنی کوڕەکەی تووشی بووە، ببێتە وانەیەک بۆ پاشا کە هەندێک جار زۆر ڕووداوی ناخۆش و کارەساتی جەرگبڕ تووشی ئادەمیزاد دەبێت، بەڵام دەبێت بێ هیوا نەبێت، هەر تێبکۆشێت و هەوڵبدات، تا لەو ناخۆشییانە ڕزگاری دەبێت، بە ئامانج و ئاواتەکەی دەگات.

سەلیمی جەوهەری بەو شێوەیە دەستدەکات بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی و دەڵێت: ((**بابم و دایکم لەو کاتەوەی بە حەلالی بەیەک گەیشتن و منیان بوو، بە هەژاری و نەداری ژیایین، بۆیە ئەمن کوڕی پیاوێکی حەمباڵ بووم، بابم ڕۆژانە لە بازاڕ کاری حەمباڵی دەکرد، بە پارەکەی من و دایکمی بەخێودەکرد، لەبەرئەوەی پیاوێکی زۆر ئازا و بەتوانا بوو، لە نێو حەمباڵەکاندا کردیانە باشحەمباڵ. لەو ڕۆژەوە بابم کاری لە نێو حەمباڵەکاندا دابەشدەکرد، ئێوارە پارەکەی وەردەگرت و پاشان لە حەمباڵەکانی بەشدەکرد و بڕێکیش بۆ خۆی گلدەدایەوە، هەر کارێکیش زۆر گران بووایە، بۆ خۆی دەیکرد، بەو شێوەیە سەروەت و سامانێکی باشی خڕکردەوە. "پاشا کە گوێی لەو قسەیە بوو، زەردەیەکی هاتێ"**))(سەگرمە،٢٠٢٠، ١٢). ڕووداوەکان بەجۆرێکن خوێنەر کاتێک دەخوێنێتەوە، سەرەتا واهەستدەکات ئەو ڕووداوە یان ئەو گرفت و کێشەیە، چارەسەربوو تەواو بەکۆتایی گەیشت، پاڵەوانی چیرۆکەکە ڕزگاری بوو، ئیتر دەحەسێتەوە، دواتر لەپڕ کێشەیەکی تر ڕووداوێکی تر دەستپێدەکات، دیسان پێویستی بە چارەسەر دەبێت، ئەمە بەو شێوەیە چەندین ڕووداوی لەسەریەک ڕوودەدات، بۆ نموونە کاتێک دەبینین، سەلیمی جەوهەریی، کاتێک چووە ناو بیرەکەوە تا زێڕ بۆ پیاوەکە دەربهێنێت، پیاوەکە پەتەکەی پچڕاند و لەناو بیرەکەدا بەجێی هێشت، دواتر لە ڕێی پیری موبارەکەوە فریادڕەسی بوو ڕێوییەکی بۆ نارد تا لە بیرەکە بێتەدەرەوە و ڕزگاری کرد، دوای ئەوە لەشاری دێوقڕان تووشی ئەو کۆمەڵە دێوەبوو، لەوانیش ڕزگاری بوو، ئینجا لە دارستانەکە تووشی مەیموونەکان بوو، دوای حەوت ساڵ لەوانیش ڕزگاری بوو، دوای ئەوە چووە ناو شاری سیمرخەکە، کە هەموو خەڵکی شار لەناو سیمرخەکە خۆیان دەشاردەوە، توانی خەڵکی شار لەدەستی ئەو سیمرخە ڕزگاربکات،دواتر زیندروو ئینجا ئەشکەوتی دێو ،ڕووداوەکان بەوجۆرە زۆرن ویەک بەدوای یەکدا دەڕوات، هەر کاتێک سەلیمی جەوهەریی لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیانیدا کە تێکدەشکا،پاشا دەگریا، کە سەریش دەکەوت، پاشا دەیدا لە قاقای پێکەنین، هەر بەو ڕێگەیە پاشا چاک دەبێتەوە و دەکەوێتەوە قسەکردن. . بۆ نموونە لە "شەڕی دێوقڕان دا" کاتێک سەلیمی جەوهەری دەکەوێتە دارستان و لەگەڵ دێوەکاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، حیکایەتخوان بەم شێوەیە بەردەوامی بەحیکایەتەکەی دەدات و دەڵێت:

**((هەر سەلیمی جەوهەری هێرشی بۆ دەبردن، دێوەکان تەلیسمیان دەکرد، زەوی تا نێو قەدی قوتدەدا، سەلیمی جەوهەری هێزی لێ دەبڕا.**

**"لەوکاتەدا پاشا دەستی بەگریان دەکرد"**

**پیری موبارەک دەهات و تەلیسمەکەی دەشکان، سەلیمی جەوهەری شیرەکەی دادەوەشاند یەکێک لە دێوەکانی دەکوشت.**

**"پاشا لە قاقای پێکەنینی دەدا" ))**(سەگرمە، ٢٠٢٠، ١٨).

بەهەمان شێوە ڕووداوەکانی ئەفسانەی شێرۆ، زۆر دوور ودرێژتر و چڕترن. شێرۆ کە یەکێک بوو لە کوڕەکانی شاروخ پاشا، پاش مردنی باوکی دەبێتە پاشای وڵات بەڵام ئارچەی برای کە کوڕێکی نالەبار و خراپ و چەتە بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی چەتە وخراپی وەک خۆی پیلانی لەناوبردنی شێرۆ ی برای دادەنێن، سەرەتا بەبیانووی ڕاوشکارەوە لەناوشاخان لەوچیایە مانەوە، زۆر هەوڵیاندا تا دواجار بەبیانووی ئاو دەرهێنان لەناو بیرەکە، خستیانە ناو بیرەکەوە و لەوێ بەجێیان هێشت، دوای چل شەو کاتێک قەتارێکی بازرگانی بەچیایی ناوشاخاندا هات، لەڕێی ئەوانەوە شێرۆ لەبیرەکە ڕزگاری دەبێت،بەڵام ڕووداوەکان زیاتر ئاڵۆزتر دەبن، ناگەڕێتەوە، بۆ شار و وڵاتی خۆی ، تووشی چەندین کارەسات و نەهامەتی تر دەبێت، تا دواجار شێرۆ دەگەڕیتەوە بۆ وڵاتی شاروخ پاشا، لەوێ دەبێتەوە بەپاشای وڵات. ئەم ئەفسانەیە ئاماژەیە بۆ چاوچنۆکی و ئیرەیی بردنی براکان لەسەر کۆشک و دەسەڵات، لە سیستەمی پاشایەتیشدا دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کور دەگوازرێتەوە، هەر بۆیە شێرۆ هەر لەدوای چوونە سەر تەختی پاشایەتی ڕووبەڕووی پلانە شەڕەنگێزییەکانی براکەی دەبێتەوە و حیکایەتخوان بەم شێوەیە سەرەتای ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: **((شێرۆ، لەو ڕۆژەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست، خەریکی بەڕێوە بردنی وڵات بوو، ڕۆژ بەڕۆژ وڵات ئاوەدانتر دەبووەوە، خێر و بێری زیاتر بەسەردا دەڕژا، خەڵکی وڵات لێی ڕازیبوون، لەو لاشەوە ئارچە و چەتەکانی خەریکی کاری چەتەیی بوون، دوو ساڵ بەو جۆرە ژیانیان بەسەر برد.**

**ڕۆژێک ئارچە چەتەکانی کۆکردەوە و گووتی:**

**شێرۆ دوو ساڵە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە، هەموو سەروەت و سامانی وڵاتی لەبەردەستدایە، هەموو داهات و موڵکی بابم بووە بە هی ئەو، بە ئارەزووی خۆی دەیهێنێ و دەیبا، سبەینێ ژن بخوازێت و منداڵێکی ببێت، دوای خۆی تەواوی دەسەڵات و دارای و مڵکەکان دەبنە هی کوڕەکەی، منیش لە دارای دنیای هیچم پێ نابڕێت، ئەمن ئەوەی بە چەتەیی دەستم نەکەوێت نیمە،...، پێویستە تەگبیرێکی بکەم))**(سەگرمە، ٢٠٢٠، ٣٠).

لێرەوە ڕکابەری و ململانێی ئارچەی برای شێرۆ لەگەڵ شێرۆ دەستپێدەکات و تا کۆتایی ئەفسانەکەش بەردەوام دەبێت، بەمەش شێرۆ تووشی ڕووداو گەلی ناخۆش دەبێت

ئەگەر سەرنج لەناوەڕۆکی ڕووداوەکان بدەین، تاڕادەیەک لەیەکەوە نزیکن، ئەو کارەساتە و کێشە و گرفت و ناخۆشییانەی دێتە ڕێی پاڵەوان و کارەکتەرەی ئەفسانەکان، بەهۆی دێو ، یان باڵندەی سیمرخ یان بیری ئاو، ئەو بیرۆکەی کەوتنە ناو بیری ئاو و مانەوەیان حەوت ڕۆژ یان چل شەو، دوای ڕزگاربوونیان، لەبیرەکە، کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەرهاتەکەی حەزرەتی یوسف لەسەرە کە لەقورئانی پیرۆزدا باسکراوە، کاتێک براکانی دەیخەنە ناو بیرەکەوە و دواتریش ڕزگاری دەبێت. لە لایەکی ترەوە بابەتی هاوسەرگیری لەئەفسانەکاندا هێندەی هەموو کارە جۆراوجۆرەکانی تر گرنگ بووە، ئەوەتا لە چیرۆکی سەلیمی جەوهەرییدا، لەدارستانەکەدا کە تووشی مەیموونەکان دەبێت، پاشای مەیموونەکان مێچکەبوو، داوای لێکرد بەزۆری لەخۆی مارەبکات، ئەگینا دەیکوژن، دوای ئەوەی لەوێ ڕزگاری دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆلای دایکی، لە ئەفسانەی شێرۆشدا شێرۆ کچی خەجوندی وەزیر دەهێنێت و دوایی دەڕوات، کاتێک کچی پاشای سەرچیا دەبینێت عەشقی کچی پاشا دەبێت و دواتر هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات، بەڵام دوای ئەوە بەهۆی کێشە وناکۆکییەوە بەناچاری شار بەجێدێڵێت، لەلای خێڵێکی کۆچەری میوانداری دەکرێت، دەبینن چەند جوان خاس و بەتوانا و ئازایە، کچێکی خۆیانی دەدەنێ، هەرچەندە ئەو هەر دڵی لای کچی پاشایە، بەڵام ئەم خێڵە بەزۆر ئەو کچەی خۆیانی لێ مارەدەکەن، لەجێگایەکی تری چیرۆکەکەدا باسی شای ڕۆژهەڵات دەکات، پاشای ڕۆژهەڵات ئارەزووی کچی جوان و پاشازادەبوو، باخچەیەکی هەبوو پڕی کردبوو لە ژنەجوانەکانی دنیا، بەشی زۆری ژنەکانی پاشازادەبوون، هەندێکیانی بەزۆری و بەشەڕ سەندبوو، هەندێکی تریان بەماڵ و سامانی دنیا ، بەوجۆرە خاوەنی سەدان ژن بوو، ئەم هەموو هاوسەرگیری و ژن هێنانە نیشانەی بایەخدان وگرنگی ئەو بابەتەمان بۆ دەردەخات لە ئەفسانەکاندا.

لە ئەفسانەی (گۆزەفرۆش)دا باس لە چاوچنۆکی و بێ وەفایی ژن دەکات بەرامبەر بە مێردەکەی و کوڕەکەی. ڕووداوەکانی باس لە پیاوێکی گۆزەفرۆش دەکات دوای ئەوەی لەسەر ڕێگاکەی خۆی چاوی بە حەوت مەنجەڵ شیوی دیتن کەوا لەسەر ئاگرن و لەنزیک ئەوانیش ماڵی دێوانە، لەوێ کیسە زێڕێک دەبات و کاتێک دەگەڕێتەوە ماڵێ بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە، ئەو ژن و پیاوە دوای ئەوەی ئەو زێڕەیان لێ دەبڕێت، ژنە هانی پیاوەکەی دەدات جارێکی تر بچێتەوە خانووی دێوەکان و زێڕی زیاتر بهێنێت، بەڵام ئەوجارەیان دێوەکان پێی دەزانن و دەیخۆن، بەم شێوەیە ڕووداوەکان بەردەوام دەبن دوای ئەوە کوڕێکی ئەو پیاوە دەچێت تۆڵەی باوکی دەکاتەوە و دێوەکان دەکوژێت و لەگەڵ دایکی دەچنە سەر ماڵی دێوەکان و ماوەیەک بەخۆشی دەژین، بەڵام جارێکی تر دایکی لەبەر چاوچنۆکی دەست لەگەڵ دێوێک تێکەڵ دەکات و ئەوجارە دەیەوێت کوڕەکەی بکوژێت، بەڵام کوڕەکەی بە فێڵەکانیان دەزانێت و هەردوکیان دەکوژێت.

لەبەشێکی تری ئەفسانەکاندا هەندێک دیاردە و کلتوری تایبەت بە کورد دەردەخەن، لەوانە خۆشوشتن و ئاوگەرمکردن لەسەر چۆم و رووبار، شایی و زەماوەندی هاوسەرگیری کە حەوت شەو و حەوت رۆژان شایی و زەماوەندییان کردووە، هەروەها نوێژکردن و دوعا و پاڕانەوە کە هەریەک لەمانە وەک عادەت و ڕێوڕەسمێکی ئایینی و کوردەواری لەناو گەلی کورددا جێبەجێکراون.

یەکێکی تر لەتایبەتمەندی ئەو رووداوانەی لەو ئەفسانانەدا هەیە، ئەوەیە، هەندێک شتی سەردەمی تێکەڵ بە رووداوەکان کراوە، بۆ نموونە کاتێک شێرۆی پاڵەوان هەوڵدەدات کچی پاشای گەورە قەڵات رزگاربکات، دەبینین حیکایەت خوان باس لەوە دەکات کە پاشای رۆژهەڵات وێنەی شێرۆ دەداتە سەربازەکانی بۆ ئەوەی شێرۆ بناسنەوە، بوونی وێنە و باسکردنی لەنێو حیکایەتە ئەفسانەییەکان شتێکی سەردەمییە، یاخود لە حیکایەتی (پاشای بێ منداڵ)دا کاتێک پاشا منداڵی دەبێت مامۆستا بۆ منداڵەکانی دابیندەکات، بۆ ئەوەی لەماڵەوە فێری خوێندەواری و ڕمبازی و هونەرەکانی تریان بکات، ئەمانەش خۆی لەخۆیدا بۆ گێڕانەوەی ئەفسانە شتێکی سەردەمییە و گونجاندنیەتی لەگەڵ حیکایەتە ئەفسانەییەکان.

**ب.پاڵەوان**

پاڵەوان لە حیکایەت و ئەفسانە کوردییەکاندا توخمێکی بنەڕەتییە، رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دارشتن و بەرەوپێشبردنی رووداوەکانی ناو ئەفسانەکان. لە سادەترین پێناسەی پاڵەوانیشدا بریتییە لە کۆمەڵێک ئەدگاری کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و زەینی و دەروونی و جەستەیی کە هەر مرۆڤێکی ئاسایی هەیەتی و زۆر بە روونی لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەریاندا دەردەکەون(نجیب، ١٩٩١، ٦٤). لەبەرئەوە حیکایەتخوان ڕەوتی گێڕانەوەی رووداوەکان دەخاتە ئەستۆی پاڵەوان و کارەکتەرەکانی ناو پرۆسەی گێڕانەوەکە کە لێرەدا مەبەست ئەفسانەیە. لەبارەی پاڵەوان (عیزەدین مستەفا ڕەسول) دەڵێت ((لە ئەفسانەی کوردیدا قارەمانی سەرکەوتوو هەمیشە ئادەمیزادە، زۆرتریش لە هەژار و ڕەنج کێشە))(رسول، ١٩٧٩، ١٩).

بەگشتی پاڵەوانی چیرۆکە ئەفسانەییەکان، پڕ هێز و توانا و ئەفسانەیی و خەیاڵاوین، کاری زۆر سەیرو سەمەرە دەکەن کە لەڕاستیدا لە توانای مرۆڤی ئاساییدا نییە. جگە لە پاڵەوانی سەرەکی، چەند پاڵەوانێکی تری لاوەکی هەیە، پاڵەوانە لاوەکییەکە وەکو فریاد ڕەسێک دەبێت بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی پاڵەوانە سەرەکییەکە. لە ئەفسانەدا پاڵەوانی سەرەکی مرۆڤە و لەبەرامبەر هێزەکانی تردا دەجەنگێت، کارەکتەرەکانیش

دەشێت ژن ، پیاو، منداڵ، پیر ، ... هتد بن. لەم ئەفسانانەدا هەمیشە مرۆڤ لەگەڵ دێو لە ململانێدایە، بەتایبەت پیرەژنە دێو، دێوی ڕەش یان دێوی سپی، یان منداڵە دێو...

لەهەمانکاتیشدا هێزی چاکە لەبەرامبەر هێزی شەڕەنگێزی دێوەکان براوە دەبێت و زۆرجاریش دێوەکان دەبنە داردەستی پاڵەوان، لە ئەفسانەی (هەزووزێ سەر مازوو)دا (هەزوزێ) کچێکە دێوە، برایەکی هەیە بەناوی (ئەحمەد) دوای ئەوەی ئەو خوشک و برایە بەشەڕ دێن، ئەحمەد ماڵ بە جێدەهێڵێت و دەچێتە دێیەک لەلای پیرەژنێک دەگیرسێتەوە، خەڵکی ئەو دێیە بە هۆی دێوی ڕەش و دێوی سپی گرفتار بوون و ئاوی خواردنەوەیان نەماوە، بەڵام ئەحمەد لەگەڵ دێوەکان بەشەڕ دێت و دێوی ڕەش دەکوژێت، بەڵام پێش ئەوەی دێوی سپی بکوژێت، دێوی سپی بە ئەحمەدی دەڵێت: ((**ئەحمەد جارێ مەمکوژە با قسێکت پێ بڵێم، ئەوجار لە دوایە بمکوژە.**

**ئەحمەد گوتی: باشە قسەکەت بکە.**

**دێوەکە گوتی: ئەحمەد سەرم مەبڕە، وەرە زگم هەڵبدڕە، لە نێو زگمدا جوتێک بێچووە دێو هەن، ناویان "شێر و شەپال"ـە ، بیانهێنە دەرێ، جا ئەگەر هێناتنە دەرێ ئەو وردکە نانەی پێتە، بیاندەیە بیخۆن، بەڵام ئەگەر خێرا نەیاندەیە، ئەوە دەتخۆن.**

**ئەحمەد زگی دێوی سپی هەڵدڕی و شێر و شەپالی لێهێنانە دەرێ و هەر خێراش وردکە نانەکەی بۆ دانان. شێر و شەپال وردکە نانەکەیان خوارد.))** (محەمەد ئەمین، ٢٠١٠، ٢٠). لێرەدا ئەو دوو بەچکە دێوە دەبنە هاوڕێی ئەحمەد و لە تەنگانەدا بە فریای دەکەون، بەواتایەکی تر وەک هێزێکی یارمەتیدەر لە خزمەتی مرۆڤدا دەبن، هەروەها هێزی پاڵەوان لەم بەرهەمە ئەفسانەییانەدا بە جۆرێکە، هەروەک بڵێی تەنها لە هێزی پاڵەوانی ئەفسانەدایە، بۆ نموونە لە ئەفسانەی (گەڵای داری بی)دا (ئەحمەد) کە پاڵەوانی سەرەکییە لە ڕێگادا بۆ گەڕان بە دوای گەڵای دار بیدا توشی چەند دێوێک دەبێتەوە، بەڵام هەموویان دەکوژێت، کاتێک ڕووبەڕووی دێوی ڕەش دەبێتەوە، بەو شێوەیە لەگەڵیدا دەدوێت :

**((ئەحمەدی گوتی : ئەوە دێوی ڕەش لە چی دەگەڕێی؟**

**دێوەکە گوتی: لە ئێسکێکی تۆ دەگەڕێم ئەگەر بیدەمە بن کەلێنی ددانم، دوو ڕۆژە ددانم دێشێ، بەڵکو ژواری بشکێ، بەڵام وا دیارە ئادەمیزاد ئەوەندە بچوکن، وە بەر گورزی دێوان نایەن!**

**ئەحمەد گوتی : دێوی ڕەش، ئەتۆ گورزی خۆت وەشاند، جا ئەوجار نۆرەی منە.**

**دێوەکە گوتی: ڕاستە ئەحمەد نۆرەتە.**

**ئەحمەدیش شیری ڕاکێشا و شیرپکی داهێنایە سەری دێوەکەی و دوو لەتی کرد و کوشتی؛** (محەمەد ئەمین، ٢٠١٠، ٤٢).

لە چیرۆکی سەلیمی جەوهەرییدا، کاتێک سەلیم دەکەوێتە ناو بیرەکەوە ((**پیری موبارەک بەکونێکدا ڕێوییەکی نارده ناو بیرەکە، سەلیم دەستی بەکلکی ڕێوییەکەوە گرت، لە بیرەکەی هێنایە دەرەوە، ئەم جارە لە مردن ڕزگاری بوو**))(سەگرمە، ٢٠٢٠، ١٦). ئەو پیرەموبارەکە وەک پیاوچاکێک یان هێزێکی غەیب و هێزێکی لەڕادەبەدەر دەتوانێت هەموو کارێک بکات و یارمەتی پاڵەوان بدات لەهەرکاتێکدا پێویستی پێ بێت. جگە لەمەش زۆرجار هێزی دوعا و پاڕانەوە لە خوای گەورە ئەو کارە سەختانەیان بۆ ئەنجام دەدات، لە ئەفسانەی (کۆلکەدار) دا دوای ئەوەی کچە پاڵەوانی ئەفسانەکە لە ترسی پیرەژنە دێو هەڵدێت و دەگاتە سەر ڕووبارێک لەو کاتەی پیرەژنەکە لە کچەکە نزیک دەبێتەوە، کچە دەست دەکات بە دوعاکردن ((**پیرەژنە دێو بە غار هاتە سەر ڕووبارەکەی و خەریکبوو بگاتە کچە شەلەکەی؛**

**کچەکە زۆر ترسا، لە خوای پاڕایەوە و گوتی: خودایە بمکەی بە مێرووولەیەک و بمخەیە نێو ئەو کۆلکە دارەی، ئەگەر ئاو هێناویەتیی و لە کەناری کەوتووە. خوا بەزەیی پیدا هاتەوە و داوایەکەی جێبەجێ کرد، کردییە مێروولەیەک و خستییە نێو کۆلکە دارەکەیەوە؛**)) (محەمەد ئەمین، ٢٠١٠، ٧٩). لەبەرئەوە دەبینین ئەو هێزەی یارمەتی پاڵەوان دەدات بۆ سەرکەوتن یان هێزێکە لە غەیبەوە یان لەلایەن دوعا و هێزی خوای گەورەوەیە.

چیرۆکە ئەفسانەییەکان بە تەواویی خەیاڵئامێزن و هەڵبەستراون ، پاڵەوانەکانی چیرۆکەکان ئاژەڵن، ئادەمیزادن، یا ئاژەڵ و ئادەمیزادن، یان نیوە بە نیوەن، وەک لە چیرۆکی(سەلیمی جەوهەری) دەردەکەوێت هەموو ئەم جۆرە کارەکتەرانەی تێدایە، هەر لە مرۆڤ و ئادەمیزادەوە کە (سەلیمی جەوهەریی)یە و پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەیە ،دواتر کارەکتەرێکی تر دێتە ناو چیرۆکەکەوە ئەویش مەیموونە واتە ئاژەڵە، ((**کاتێک لەناو دارستانە چڕەکەدا زۆر برسی بوو،کەوتەوتە خواردنی بەری دارەکان، تا تووشی ڕەوە مەیموونێک بوو، پاشای مەیموونەکان مێچکەبوو، کە جوانی سەلیمی دی، گوتی:دەبێت مارەم بکەی؛ دەنا دەتکوژم ، سەلیمی جەوهەری بەناچاری ڕازیبوو، کوڕ وکچێکیان بوو، نیوەی لەشیان بۆ سەرەوە ئادەمی بوو، نیوەکەی تری لەشیان بۆ خوارەوە مەیموونی بوو**)) (سەگرمە، ٢٠٢٠، ١٩).ئەم دوو کارەکتەرەش نیوە بەنیوە بوون.

پاڵەوانەکانی چیرۆکە ئەفسانەییەکان، لە توانابەدەرن، ئەستەم بووونی نییە لە لایان، ئەفسوونبازن، بۆ نموونە لە کاتی تەنگانە و پێویستیدا ، بە سووتانی تاڵەموویەک دەستبەجێ ، نەڕە دێوێک ، یا سوپایەکی مێرووولە بۆ یارمەتیدان بە دەنگیانەوە دێن، کاری

بەدەر و سەرسوورمانیان لێدەوەشێتەوە، بۆ نموونە لە ئەفسانەی (گەڵای داری بی)دا کاتێک ئەحمەدی پاڵەوان دەوێت بە ئەسپەکەی بچێت بەرەو لای گەڵای دار بی، ئەسپەکە قسەزانە و دەکەوێتە قسە لەگەڵ ئەحمەدی و پێی دەڵێت ((**ئەسپەکە بە ئەحمەدی گوت: ها ئەو بەرد و ئەستێیە و ئەو قتووەی خۆمت بدەمێ، لە هەر شوێنێکی کارێکت هەبوو، بە بەرد و ئەستێیەکەی ئاگرێکی بکەوە و موویەکی لەو مووانەی من بسووتێنە، جا هەر ئەگەر مووەکە ئاگری گرت، خەمت نەبێ جێ بەجێ دەگەمە کنت**))(محەمەد ئەمین، ٢٠١٠، ٤٩). ئەم ئەفسانانە کارتێکردنێکی ئەفسووناویان هەیە، بوونی تەلیسم و شکاندنیان بە تەنها شتێکی لەو شێوەیە کاری پاڵەوان ئاسانەکات و جادووی سەرکەوتنەکانی پاڵەوان ئەفسووناوی دەکات.

لەئەفسانەی شێرۆ دا، کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، ئادەمیزادە بەڵام پیاوێکی فیلەتەنی زەلام بوو، بەشان و بازووبوو، زۆر بەهێز و بەتوانا بوو، کەسێک بوو دەیتوانی چوارپەلی شێر ببەستێت، پاڵەوان بوو لە هەموو رووییەکەوە. ئەم سیفەتانەش لەکەسی ئاساییدا نییە، بۆیە دەبینین پاڵەوانی چیرۆکە ئەفسانەییەکان، بەتەواوی خەیاڵئامێزن.

سەبارەت بە ناو و نازناوی پاڵەوان وکارەکتەرەکانی ئەفسانەکان، لایەنێکی دیکەی گرنگەو پەیوەند بە هەر دەقێکی گێڕانەوەوە، جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە، چونکە لە لایەکەوە دەشێت (هۆکارێك بێت بۆ شاردنەوەی تێمای دەق و گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراو، لە لایەکی دیکەشەوە، "ناو و نازناو لە لایەنی هونەرییەوە بە کارێکی بایەخدار دادەنرێت، هەندێك لایەنی هونەری دەگرنەخۆو جۆرێك لە شمولییەتیش بە ناوەرۆکی دەقەکانیش دەبەخشن) (حەسەن:٢٠٠٥،ل٥٩) بۆ نمونە دەکرێت هەر ناوێکی، وەکو (شێرۆ)، ببێتە هێمایەکی دیاریکراو، ئاماژەیەك لە واقیعدا بگەیەنێت. یاخود لە رێگەی خستنەپاڵی نازناوێکەوە، دەلالەتێك بە کارەکتەرەکە ببەخشرێت و لایەنێکی وەکو پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، یان سیاسی کارەکتەرەکە دیاریبکات، بۆ نمونە نازناوێکی وەکو(سەلیمی جەوهەریی) هەندێك جاریش رێکدەکەوێت، کە چیرۆکنوس ناو لە کارەکتەر، یان کارەکتەرەکانی نانێت و تەنها لە رێگەی وەسف و کردەکانی لێی دەکەوێتەوە، کارەکتەرەکەی بە وەرگر دەناسێنێت، هەروەک دەبینین لە کۆمەڵە ئەفسانەکانی (مەروانە هەرەشەی دێوان، بروانە جەوهەری پیاوان)دا هیچ ناوێکی بۆ پێرەژنە دێو یان کچە پاشا و کچە کارەکتەرەکانی تر دانەناوە، بەڵکو تەنها لە رێگای وەسفکردنەوە بە خوێنەرانیان ئاشنا دەکات، کە بێگومان ئەمەش دەکرێت مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە بێت و چیرۆکنوس بیەوێت سەرنجی خوێنەر بە لایەکی دیکەدا، کە بۆی گرنگە، رابکێشێت.

**ج.زمان**

زمـان خەسـڵەتی تایبەتمەنـد و جیـاکەرەوەی مـرۆڤە، هەر لەو کـاتەی مـرۆڤ زمـانی پــژاوە، بەردەوام لەگەڵ ڕەوتــی گۆڕانکارییەکانــدابووە. گرنگتــرین ئامــانجی زمــانیش گەیانــدنە، بەو واتــایەی زمــان ڕۆڵێکــی کــارا دەبینێــت لە کــردەی گەیانــدن و پرۆســەی پەیوەندیکردنــدا، هەروەهــا بەپێــی بۆچوونەکــان زمــان کــردەیەک یــان چــالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا بەدیدەهێنێت (عبدالتواب، ١٩٩٧، ١٢٥). زمان لە ئەفسانەدا خەسڵەتی خۆی هەیە کەوا پەیوەستە بە بیـر و هـزری مرۆڤـایەتی و ئەو دەربڕینە زمانییانەی لەنێو خۆیدا هەڵیگرتووە، ((زمان لە ئەفسانەدا ئەو قاڵب و شێوەیەیە، کە بیـر و بۆچـوون و خەیـاڵ و کـردەوە و چالاکییە نەستییە دەروونییەکـانی تێدا ڕەنـگ دەداتەوە))(حەمە غەریـب، ٢٠١٩، ١٨٨). لەبەرئەوە لە ئەفسـانەدا جـگە لە دەرخسـتنی لایەنـی ڕووکەشی دیاردەکان و کارەکتەرەکان، بۆ لایەنی نەستی پاڵەوان و کارەکتەرەکانی نێو ئەفسانەکان شۆڕدەبێتەوە.

ئەو دوو کۆمەڵە ئەفسـانەی ئـێمە لەبارەیـانەوە دەدوێـین، هـی نـاوچەی موکریـان یـان پشـدەرن و بەشـێوەزاری موکریـانی لەسـەر زاری ئەوان گێـڕاوەتەوە و دواتـر هەر بەوجـۆرە نووسـراوەتەوە، بـۆیە کە ئەو چیرۆکـانە دەخـوێنینەوە، ڕاسـتەوخۆ دەزانـین کە بەشـێوەزاری موکریـانی نووسـراوە، وشـە و دەسـتەواژەکانی جیـاوازن لە شـێوەزاری سـلێمانی، لێـرەدا ئامـاژە بەهەندێکیان دەکەین، کە خۆیان زۆر زۆرن، لەوانە: (ئیشـک، ئـاور، بەتەنێ، بـالیف، بەدوتـدا، بەتۆپزی، پەلـک، تەنـدوور، دەنـدووک، دیـتن، دەیـهەوێ، دەنـا، دەم چـۆم، ڕایماشـت، زبـڵ، زک، سیخەسۆڵە، سینـگ، سە، سێڵە، چۆم، شیو، جللک، جیران، خیـز، قەیدی چییە، قووچ، لەکن، مەرەد، مەیدانـداری، زەوت نـابێ، غـاردان، وەلانـا، قلیـان، ڕە ئەحـمەدی هالانـد، ....هتـد)، یـان لە شێوەی موکریان و پشدەردا ئـاخێوەرانی ئەو ناوچەیە هەندێک وشـە بە شێوەی کـۆ دەردەبـڕن لەوانە (قاپ – قاپـان، بەرد – بەردان، پەتـاتە – پەتاتـان، ....) بۆنموونە زۆرجار لە جیاتی ئەوەی بڵێن (قاپ دەشۆم) دەڵێن (قاپان دەشۆم) و چەنـدین دەسـتەواژە و دەربڕینـی تـایبەت بەو نـاوچەیە لە دەقەکاندا دەبینرێت، هەروەک لە ئەفسانەی (گەڵای داری بی)دا کاتێک دار بی دەچێتە شاری ئەحـمەد و سێ براکـان، داوادەکـات گەڵاکەی پێ بـدەنەوە یـان شـەڕی لەگەڵ بـکەن، لەو کاتەدا هەر سێ براکە دەچنە لای دار بی و قسەی لەگەڵ دەکەن، مەحموودی برا دەڵێت ((**ئەمـن دەچـم و قسـانی لەگەڵ دەکەم**))(مـحەمەد ئەمـین، ٢٠١٠، ٦٣). لێـرەدا وشـەی (قسـە) بەشێوەی موکریانی کۆکراوەتەوە و بووەتە (قسان).

لە ئەفسـانەکانی (مەڕوانە هەڕەشـەی دێـوان، بـڕوانە جەوهەری پیـاوان) دا دەبینـین زۆرجار دەقی شیعری فۆلکلۆری لەنێو گێڕانەوەی ئەفسانەکاندا دەبینین، ئەم دێڕە شیعرانەش

تـايبەتن بە ئەفسـانە، هەروەک لە ئەفسـانەی (سـپليخان)دا، کاتێـک پيـرەژنە دێـو سـپليخان دەگرێت و لە ژوورێی دەکات، کاتێکی کوڕی پيرەژنە دێو لە ڕاوشـکار دەگەڕێتەوە، هەست بە بـۆنی بێگـانەيەک دەکـات لە ماڵەکەيانـدا ((**پيـرەژنە دێـوەکە کـوڕێکی هەبـوو، کوڕەکەی دوو سێ ڕۆژ بوو بۆ ڕاوکردنێ چوو بوو، ئەگەر هاتەوە ماڵێ، بۆنی کچەکەی کرد، کوڕەکە بە داکی گوت:**

**دايە؛ بۆن دێ**

**بۆنی بێگانان دێ**

**لەو جێگە و بابان دێ!**)) (محەمەد ئەمين، ٢٠١٠، ٩٣)

هەروەهـــا لە ئەفســـانەی (هەزوزێ ســـەر مـــازوو) دا ئەحـــمەدی پـــاڵەوان لەگەڵ خوشـکەدێوەکەی بەنـاوی هەزوزێ دا دەکەوێتە مەترسـييەوە، کاتێـک دەيەوێ شمشـاڵەکەی بە دەمەوە بگرێت، بانگی دوو بەچکە دێوەکان دەکات و دەڵێت:

**((وەرن وەرن شێر و شەپال**

**ئەحمەديان کردووە بێ حاڵ))** (محەمەد ئەمين، ٢٠١٠، ٢٥)

لە لايەکـی تـرەوە، لە ئەفسـانە کوردييەکانـدا زۆرجـار ئيـديۆم و دەسـتەواژەکانی زمـانی ڕۆژانە بەکاردێت، لەبەرئەوە ئەفسانە سـوود لە بابەتەکـانی تـری دەوروبەری وەردەگرێت بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی زمـانی گێـڕانەوەی ڕووداوەکـانی، بـۆ نمـوونە لە ئەفسـانەی (شـێرۆ) دا، کاتێک پاشا دەيەوێت (شێرۆ) بنێرێت بۆ ئەشـکەوتی (بەسـتەی هەنـاران) لەوێ ئەژديهـايەکی گەورەی لێـيە و بە شـێوەيە باسـی دڕنـدەيی ئەو ئەژديهـايە دەکەن و دەڵـێن ((**باڵـدار لەوێـوە ڕۆشتبێ باڵی وەراندووە، ناڵدار لە وێوە ڕۆشتبێ ناڵی شکاندووە**))(سەگرمە، ٢٠٢٠، ٤٣). ئەم ئيـديۆمە ئامـاژەيەکی زمـانی و مەدلـولی تـری لە پشـتە، بەوەی هەر شـتێک لە زينـدەوەران لە باڵنـدە و گيـاندار بەلای دا ڕۆشتبێ لەناوی بردووە و ئەژديهايەکی مەترسيدارە. ئەم دەربڕينە لە چەنـد شـوێنێکی تـری ئەفسـانەکانی تـردا دووبـارە بـووەتەوە. لەنمـوونەيەکی تـردا دەسـتەواژەی (کەچە شير) يان (کەچە شيری بن کەندوان) کەوا ئيديۆمێکە بۆ شتێکی پەڕاوێزخـراو و وەلانراو بەکاردێت، لەم ئەفسانانەدا بەکارهـاتووە. لێـرەوە زمـانی ئەفسـانە زمـانێکی هەرچەنـد لە ڕواڵەتـدا سـادە و بێ گـرێ و گـۆڵە، بەڵام لە شـيعرييەت بەدەر نيـيە و حيکـايەتخوانەکـان بەجۆرێـک ئەو ئەفسـانانەيان گێـڕاوەتەوە کەوا زمـانێکی چێـژ بەخـش و زمـانێکی شـيعری زاڵبێت بەسەر گێڕانەوەکانياندا.

**د.شوێن**

شوێن وەک ڕەگەزێکی دیار، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرجەستەکردنی شوێنی ڕووداوەکان و شوێنی کارەکتەر و پاڵەوانی دەقە ئەفسانەییەکان، هەر لە زووەوە پەیوەندی و کارلێکی دەروونی لەنێوان کارەکتەر و شوێنی ڕووداوەکان هەیە، چونکە ((هەرچەندە شوێن بۆ ڕەخساندن و دەستەبەرکردنی ژیانی هەر مرۆڤێک پێویستە، دەبینین ئاواش مرۆڤەکان کار لە شوێنەکان دەکەن و سنووریان بۆ دادەنێن و گۆڕان و پەرەسەندنیان بە پێی پێویستی خۆیان بەسەردا دێنن))(شعیا، ٢٠٢٤، ٣٤).

شوێن کاریگەری خۆی لەسەر شێوە و ناخی مرۆڤ هەیە

لەچیرۆکی سەلیمی جەوهەرییدا، چیرۆکخوان، سەرەتا ئاماژە بەشوێن و جێگەی ڕووداوەکە دەدات، شارێکە ناوی (باڵێلان)ە لەسەر چیایەکی بەرزە، ناوی (باڵێلان)یش واقیعییە، کەوتۆتە قەزای پشدەر، واتە شوێنەکە واقیعییە و شوێنی گشتی وکراوەیە، کە هەموو کەس بۆی هەیە بچێتە ئەم شوێنەوە، هەروەها بەشوێنێکی جێگۆڕکێ دادەنرێت، چونکە کارەکتەر دەتوانێت شوێنەکەی خۆی بگۆڕێت. هەروەها شاری (ئاشکان)و زێی(کەڵوێ)کە ئەمانەش شوێنێکی واقیعیین و گشتی و کراوەیە، هەموو کەس دەتوانێت هاوتووچۆی پێدا بکات، هەروەها شوێنێکی جێگۆڕکێیە. بەکارهێنانی ئەم شوێنانە لە حیکایەت و چیرۆکە ئەفسانەییەکان ئەوە دەردەخات کەوا ئەفسانەکان تایبەتمەندی ناوچەیی وەربگرن و لە لایەکی تریشەوە پەیوەست ببن بە ژیان و ژیاری خەڵکی ئەو ناوچانەوە.

(ناوماڵ وکۆشک) کۆشکی پاشا لەهەردوو ئەفسانەکەدا هەیە، تایبەتمەندیی شوینی ڕاستەقینەیی و داخراو و تایبەتی لەخۆدەگرێت، چونکە تەنها چەند کەسێک یان کۆمەڵێک دەتوانن لەو ماڵ و کۆشکە بژین، هەموو کەس بۆی نییە، تێیدا بژی، شوێنی نیشتەجێبوونە، شوێنێکی ئارام و گەرم و گوڕە. شوێنی(تەندوور) لە چیرۆکی سەلیمی جەوهەرییدا، کە پیرێژنێکی بینی بەرۆژ لەترسی دێو دەچێتە ناو تەندوورەکەوە خۆی دەشارێتەوە، تەندوور شوێنێکی تایبەتییە بەو کۆمەڵێک کەس، شوێنێکی داخراوە، بەڵام شوێنێکی نیشتەجێبوونە، دەچێتە خانەی زۆرەکی و ناچارییەوە، چونکە ئەو جێیە شوێنی مانەوەی مرۆڤ نییە، بەڵام بەناچاری لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە.

دارستانێکی گەورە، (دارستان) شوێنێکی واقیعیی کراوەیە، گشتییە، هەموو کەسێک دەتوانێت پێیدا تێپەڕێت و تێیدا نیشتەجێ بێت، شوێنێکی هەڵبژێردراوە.

لەچیرۆکی(شێرۆ)دا، شێرۆ دەچێتە ناو ئەشکەوتەکەوە، ئەشکەوت ، شوێنێکی واقیعیی کراوەی گشتییە، ئەو شوێنە هەموو کەسێک دەتوانێت تێیدا نیشتەجێ بێت.

شوێنێکی تری ناو چیرۆکەکە، (ناو بیرەکە)یە، لەهەردوو ئەفسانەی سەلیمی جەوهەریی و شێرۆدا کاتێک پاڵەوانی ئەفسانەکە دەکەوێتە ناو بیرەکەوە، (بیر) شوێنێکی واقیعیی کراوەی گشتییە، جێگۆڕکێیە.

جگە لەو شوێنانە، لە ئەفسانەکانی ناو کۆمەڵە ئەفسانەی (مەڕوانە هەڕەشەی دێوان، بنوارە جەوهەری پیاوان) کۆمەڵێک شوێنی وەک خانوو، ئەشکەوت، دارستان، بیر، کۆلکە دار،... هتد) دەبینرێن. وەک دەبینین لە کۆنەوە ئەشکەوت شوێنی حەوانە و ژیانی مرۆڤ بووە، بەڵام لە ئەفسانەکاندا دەبینین دێوەکان زیاتر لەناو ئەشکەوتەکان ژیاون و زێڕی زۆریشیان لەوێدا شاردووەتەوە، بەو واتایەی ئەشکەوتەکان پەناگەی دێوەکان بوون.

کۆلکەداریش شوێنێکی ئەفسانەییە بەنسبەت ژیانی مرۆڤەوە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت لەناو کلۆرەداردا بژیت، بەڵکو ئەگەر وەک دیمەنێکی ئەفسانەیی لێی بڕوانین شتێکی ئاسایی دەبێت، هەروەک چۆن کچە شەل لە ئەفسانەی (کۆلکەدار)دا لە تاوی ڕووحی خۆی داوای لە خوا کرد بیکاتە مێرولەیەک و بیخاتە کۆلکەدرێکەوە، دواتریش بەو شێوەیە ماوەیەک ژیانی بەردەوام دەبێت، تا ئەوەی ڕۆژێک کوڕە پاشا دەیبینێت و پێی سەرسام دەبێت و دەیخوازێت و لەو ژیانە ڕزگاری دەکات. بەکارهێنانی شوێن بەم شێوازە جۆراو جۆرە لە ئەفسانەکاندا، لە لایەک پەیوەستبوونی شوێنەکانە بەناوچەکانی پشدەر و ئەو شوێنانەی ئەفسانەکانی تێدا گێڕدراوەتەوە، لە لایەکی تریش هێزی ئەفسانە دەردەخات کەوا ئەفسانە چۆن مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی شوێن دەکات.

**ه- کات**

توخمی کات لە چیرۆکدا ، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە و بەبێ ئەو، ڕووداوەکان و کردارەکان ڕوونادەن و کارکتەرەکان داناهێنرێن و ڕووبەڕووبوونەوەکان نایەنە ئاراوە و چیرۆك ناگاتە ئەنجام. لە ڕاستیدا کات بە جوڵەی ئارام و بەردەوامی میلی چرکەژمێر لەدایك دەبێت و خولەکەکان، کاژێرەکان، ڕۆژەکان و مانگەکان دروست دەکات، بە سڕینەوەی کات، پێکهاتەی حیکایەت هەڵدەوشێتەوە و بەبێ ئەو، هیچ ڕووداوێك ڕوونادات و هیچ کەس لەدایك نابێت و هیچ کەس لەناوناچێت. ئاشکرایە کە ڕەوتی ئاسۆیی و ستوونیی ڕووداوەکان لە حیکایەتدا ، بەبێ پێوەندیی بەرامبەر ناگاتە ئەنجام و هەر کردارێك بەستراوەتەوە بە کرداری پێش خۆیەوە کە ئەویش کرداری دوای خۆی لێ دەکەوێتەوە. هەندێك لە حیکایەتخوانەکان، هەوڵی شوێنگۆڕینی دیمەنەکانی

ئەفسانەکان دەدەن و لە گێڕانەوەدا، ڕێکخستنی ڕووداوەکان بەپێی کات لەبەرچاو ناگرن و بەشێوەیەکی نارێك ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، کە لەو حاڵەدا ڕێکخستنی کات لە ئەفسانەدا شێوازێکی تایبەت وەردەگرێت و تەنیا ئەوەندەیە کە کردارەکان بەدوای یەکدا نەهاتوون، بەڵکو لەگەڵ یەکدا هاتوون، لەیەک کاتدایە، بەڵام لە دوو شوێنی جیاوازدایە، لەبەرئەوە لە ئەفسانەدا مەرج نییە کاتی ڕاستەقینە ئەو کاتە بێت کەوا لەژیانی ڕۆژانەدا هەیە و بە شێوەیەکی زنجیرەیی یەک لەدوای یەک بێت، ڕۆژ و هەفتە و ساڵەکان بەدوای یەکدا باسبکرێن، بەڵکو حیکایەتخوان بەپێی هزری خۆی کات ڕێکدەخات و بوونیاتی ئەفسانەکەی لەسەر دادەمەزرێنێت. بۆ نموونە لە ئەفسانەی شێرۆدا کاتێک دەچێتە هەر جێیەک و ژنێک دەهێنێت و ئەوی بەجێدەهێڵێت و دەڕواتە شوێنێکی تر، حیکایەتخوان دەڵێت: هەر لەم کاتەدا بابێینەوە بۆ شاری گەورەقەڵات بۆ لای کچەکەی خەجوندی وەزیر، ژانگرتی و کوڕی بوو ، لە هەمان کاتدا لەلایەکی ترەوەکچی برازای خێڵی کۆچەران بەهەمان شێوە ژانگرتی و کوڕی بوو، هەروەها کچی پاشای سەرچیاش لەوکاتەدا کوڕی بوو، واتە حیکایەتخوان باس لەسێ ڕووداو دەکات، لە سێ شوێنێ جیاوازدا ڕوویداوە، بەڵام لەیەک کاتدا بووە، کات وساتی ڕووداوەکان یەکن.

**لەڕووی خێرایی و سستی ڕووداوەکانەوە**، حیکایەتخوان، لە زۆر جێگەدا، لەڕێی چەند وشە و دەستەواژەیەکەوە، ئاماژە ماوە و کاتی ڕووداوەکە دەکات، ئەوەی دەیڵێت هێمایە بۆ زوو تێپەڕاندنی کات و ماوەکە، هەرچەندە کاتەکەش زۆر بووە، بۆ نموونە لە ئەفسانەی سەلیمی جەوهەرییدا، کاتێک دەڵێت: بۆ دووسێ مانگ دەچێ پاشا زاری بەستراوە، دوای چەند ساڵێک بابم کەوتە تەمەنەوە، دوای چل ڕۆژەکە) لە ئەفسانەی شێرۆدا (دووساڵ تێپەڕی، سێ شەو وسێ ڕۆژ، چل شەو لەناو بیرەکەدا مایەوە، دوومانگە دەڕوێش، حەوت شەو وحەوت ڕۆژ.....) ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی ڕووداوەکە زۆری خایاندووە، بەڵام حیکایەتخوان بەخێرایی و بەچەند وشەیەک تێیدەپەڕێنێت.

**دەربارەی بەشەکانی کات ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو،** لە چیرۆکی سەلیمی جەوهەرییدا، حیکایەتخوان سەرەتا باس لە کات و ساتی ڕابردوو دەکات، باس لەسەردەمی پێشوو کە پاشا چۆن ژیاوە و چۆن کوڕێکی هەبووە،دواتر کەمێک دێتە پێشەوە و باسی دوومانگ پێش ئێستا دەکات کە پاشا لەجێگەدا کەوتووە و زاری بەستراوە و ناتوانێت قسەبکات، تا ئێرە هەر ڕابردووە، ئینجا دێتە سەر کاتی ئێستا لەم کاتەدا کە وەرزی بەهارە وپیری موبارەک لەوێیە، لێرەدا هەردوو کاتەکە ڕابردوو و ئێستا نیشاندەدات.

لە ئەفسانەی شێرۆدا، حیکایەتخوان ڕاستەوخۆ بە دەستەواژەی (پێشینان دەگێڕنەوە) دەستپێدەکات، نیشانەیە بۆ کاتی ڕابردوو، کاتێک باس لە شاروخ پاشا دەکات، واتە

ڕیزبوونی کاتیش لێرەدا بەپێی ڕابردوو ئینجا دێتە سەرکاتی ئێستا و ڕووداوەکانی ئەم کات و ساتەی چیرۆکەکە، بەڵام لەهەندێ جێگەی تری چیرۆکەکەدا، تێکەڵی و پاش و پێش کردن لەکاتی ڕووداوەکەدا ڕوویداوە، بۆنموونە: لە چیرۆکی سەلیمی جەوهەرییدا، کەسەلیم گەورە دەبێت کەسێکی دەست بڵاوبوو هەموو سامانەکەی باوکی بەهەردەر دا، (دایکی وتی: نهێنییەک هەیە، بابت لەژێر زەمینەکەدا بۆی داناویت) ئەم ڕووداوە کە لەڕابردوودا ڕوویداوە و چیرۆکەکەش لەم ساتەدا باس لە ئێستا و ئەم ساتە دەکات، لەپڕ لەڕێی ئەم ڕووداوەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە کاتی ڕابردوو، ئێستا بەشێوەیەکی فراوانتر بەکارهێنراوە وەک لە کاتی داهاتوو، هەرچەندە ئەو کاتەی حیکایەتخوانەکە ئەفسانەکەی تێدا دەگێڕێتەوە جیاوازە لەکاتی ڕاستەقینەی ڕوودانی ڕووداوەکانی حیکایەتەکە، ئەم جۆرە گێڕانەوەیەش پێی دەگوترێت (پێشخستن) کەوا حیکایەتخوان پێشبینی ڕووداوەکانی داهاتوو دەکات، مەرجیش نییە ئەو پێشبینییانە لە هەموو بارێکدا ڕووبدەن، لێرەدا گرنگی کات لەوەدا دەردەکەوێت کەوا زنجیرەی کات بەیەکەوە دەبەستێتەوە، واتە حیکایەتخوان بەپێی هزر و تێگەیشتنی خۆی زنجیرەی ڕووداوەکان ڕێک دەخات و مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی کاتدا دەکات، بە جۆرێک سەرنجی خوێنەر و گوێگر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت.

**کورت ودرێژی کاتی چیرۆکەکە (کاتی دەرەکی- فیزیکی)** لە ئەفسانەی (سەلیمی جەوهەریی) ڕووداوەکانی بەسەر سەلیم دا هاتووە، کات و ماوەی زۆری خایاندووە، چەند ساڵێکی پێچووە، بەڵام کاتێک سەلیم دێتە خزمەتی پاشای باڵێلان و بەسەرهاتەکانی بۆ پاشا دەگێڕیتەوە، بەچەند شەوێک تەواوی دەکات، ئەوەتا باس لەوە دەکات کە سەرەتای بەهاربووە کە چووە بۆلای پاشا و دوای چەند ڕۆژێک پاش گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانە، پاشا چاک دەبێتەوە، خەڵکی شار خۆشحاڵبوون و جەژنی بەهاریان بووە بە دوو جەژن، بەڵام لە چیرۆکی (شێرۆ) دا، ماوەی ڕووداوەکان، کاتێکی زۆری خایاندووە، کات و ماوەی حیکایەتەکە زۆربوو، چەند ساڵێکی زۆری خایاندووە، ڕۆژ و دوو ڕۆژ نەبووە، دیارە ئەو هەموو ڕووداوەی بەسەر شێرۆدا دێت، دواتر ئەو سێ کوڕەی دەبێت و هەرسێکیان گەورە دەبن، دەتوانن یارمەتی باوکی بدەن و ڕزگاری بکەن، ئەمە بەساڵێک و دووان ناکرێ و نەبووە، بۆیە ئەم چیرۆکەیان دیارە لە ڕووی کاتەوە ماوەیەکی زۆری خایاندووە، هەر بۆیە نوسەریش لە کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردووە، کە چیرۆکخوان ئەفسانەی سەلیمی جەوهەریی بە دوو شەو گێڕاوەتەوە ، بەڵام ئەفسانەی شێرۆ کە زۆر لەو درێژترە بەچوار شەو گێڕاوەتەوە.

له کـۆمەڵە ئەفسـانەکانی (مەڕوانە هەڕەشـەی دێـوان، بـڕوانە جەوهەری پیـاوان)، حیکایەتخوان زۆرجار بۆ کورتکردنەوەی کاتی تێپەڕیوو، دەستەواژەی (ئەگەر زۆر ڕۆیشت و کەم ڕۆیشت)بەکاردەهێنێت، ئەوەتا لە ئەفسانەی (ددان دەرزی)دا کاتێک ئەحمەدی پاڵەوانی ئەفسانەکە ماڵەوە بەجێدەهێڵێت، ڕێیەکی زۆر دەبڕێت تا دەگاتە شارێکی تر ((**ئەحمەد ئەگەر زۆر ڕۆیشت و کەم ڕۆیشت، لەسەر ڕێیە تووشی شارێکی بوو، لەو شارەی لە دەری شاری رووی لە ماڵێکی کرد، لەبەر دەرکێرا، بانگی خاوەن ماڵێکی کرد،..**))(محەمەمەد ئەمین، ٢٠١٠، ٩٧). لەوێدا حیکایەتخوان ئەو دەستەواژەیە بەکاردەهێنێت بۆ کورتکردنەوەی کات و بازدان بەسەر ڕووداوەکانی ئەو کاتەدا.

زۆرجاریش حیکایەتخوان بۆ بازدان بەسەر کاتێکدا دەستەواژەی (پاشی سێ شەو و سێ ڕۆژان، پاشی چەند ڕۆژان،....) بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە لە ئەفسانەی "پاشای بێ منداڵ"دا، کاتێک دێوێک لەسەر شێوەی دەروێشێک دێتە لای پاشا، حیکایەتخوان دەڵێت: ((**ڕۆژێک لە ڕۆژان دێوێک خۆی کرد بە دەروێش، ڕووی لە ماڵی پاشا کرد و لەوێ لێی دانیشت! پاشا وایزانی ئەگەر ئەو کەسە بە ڕاستی دەروێشە! بۆیە بە ژنەکەی خۆی گوت: ئافرەت هەستە دەورییەک زێران بدە مام دەروێشی. دەروێش گوتی : پاشا ئەمن زێڕم ناوێن، دەروێش هەرئەوەندەی بەپاشا گوت، هەستا ڕۆیشت و هیچ دەنگی دیکەی نەکردن.**

**پاشی چەند ڕۆژێکی دیکە دیسان دێوەکە هەر لەسەر شێوەی هەمان دەروێشی پێشوو، پەیدا بۆوە و چوو لەماڵی پاشای لێی دانیشتەوە**))(محەمەد ئەمین، ٢٠١٠، ١١١). لەبەرئەوە حیکـایەتخوان ڕۆڵ دەبەخشـێت بە کـاتی ڕووداوەکـان و چـۆنێتی گێـڕانەوەی حیکایەتە ئەفسانەییەکان.

**ئەنجام**

- لەم دوو کۆمەڵە ئەفسانەیەدا، هەندێک دیاردە و کلتوری تایبەت بە کورد دەردەخەن، لەوانە ئـاوگەرمکردن لەسـەر چـۆم و ڕووبـار، شـایی و زەماوەنـدی هاوسـەرگیری کە حەوت شەو و حەوت ڕۆژان شایی و زەماوەندییان کردووە، هەروەها نوێژکردن و دوعا و پاڕانەوە کە هەریەک لەمانە وەک عادەت و ڕێوڕەسمێکی ئایینی و کوردەواری لەناو گەلی کورددا جێبەجێکراون. بە واتـایەکی تـر ئەم ئەفسـانانە کـاریگەری ئـایینی ئیسـلامیان پێـوە دیـارە، چ لە ناونـانی کارەکتەرەکـان بێـت یـان جـێ بەجێکردنـی فەریزەکانی ئایین و دوعا و پاڕانەوە.

- یەکێکـی تـر لە تایبەتمەنـدی ئەم ئەفسـانانە ئەوەیە کەوا ململانێـی نێـوان هێـزی چـاکە و خـراپە یـان هێـزی شـەڕانگێزی لە نێـوان مـرۆڤ و مـرۆڤ، یـان مـرۆڤ و دێوەکانـدایە، بەتـایبەت ڕووبەڕووبـوونەوەی پـاڵەوانی ئەفسـانەکان لەگەڵ مرۆڤـی

چاوچنۆک و چاوبرسی و خیانەتکار و بێ وەفا یان لەگەڵ دێو و ئەژدیها، هەروەک لە ئەفسانەی سەلیمی جەوهەری، شێرۆ، هەمزە پاڵەوان، ددان دەرزی،... دا دەبینرێن.

- ئەگەر سەرنج لەناوەڕۆکی ڕووداوەکان بدەین، تاڕادەیەک لەیەکەوە نزیکن، ئەو کارەساتە و کێشە و گرفت و ناخۆشییانەی دێتە ڕێی پاڵەوان و کارەکتەرەی ئەفسانەکان، بەهۆی دێو ، یان باڵندەی سیمرخ یان بیری ئاو، ئەو بیرۆکەی کەوتنە ناو بیری ئاو و مانەوەیان حەوت ڕۆژ یان چل شەو، دوای ڕزگاربوونیان، لەبیرەکە، کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەرهاتەکەی حەزرەتی یوسف لەسەرە کە لەقورئانی پیرۆزدا باسکراوە، کاتێک براکانی دەیخەنە ناو بیرەکەوە و دواتریش ڕزگاری دەبێت. ئەمەش لە ئەفسانەکانی سەلیمی جەوهەری، شێرۆ، گەڵای داری بی، سپلیخان دا دەردەکەوێت، هەروەها بەشێکی تر لە ئەفسانەکان باس لە بێ وەفایی و چاوچنۆکی و خراپی ژنان دەکەن، لەشێوەی ژنی چاوچنۆک یان پیرەژنە دێو پیشاندراون، هەروەک ئەفسانەکانی هەمزە پاڵەوان، کۆلکەدار، گۆزەفرۆش. بەم پێیە لەنێو ئەو ئەفسانانەدا ڕەگەزی مێ تاوانبار و ڕەگەزی نێریش پاک و چاکەخوازە.

- کات لەم ئەفسانانەدا، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەفسانە پیشاندەدەن، بەوەی زنجیرەی ڕووداوەکانی ئەفسانەکان بە شێوەی زنجیرەیی و یەک لەدوای یەک دەگێڕدرێنەوە، زۆرجار کات دەبێتە کاتی ئەفسانەیی بەوەی کاتێکی دوورو درێژ لەماوەیەکی کەمدا دەخرێتە ڕوو، ماوەی چەندین ساڵ لەچەند ڕستەیەکی وەک (ئەگەر زۆر ڕۆشت و ئەگەر کەم ڕۆشت) یان (بۆ ماوەی حەوت ساڵ، یان حەوت شەو و حەوت ڕۆژ) کورتدەکرێنەوە، یاخود منداڵی دێو هەر بە زوویی گەورە دەبن و دەکەونە قسە و کرداری ئەفسانەیی ئەنجامدەدەن.

- شوێن لەم ئەفسانانەدا بەزۆری شوێنی واقیعین، بە تایبەت شوێنی وەک ئەشکەوت و خانوو و ماڵ و دەشت و دارستان، جگە لەوە چەند شوێنێکی ئەفسانەیی لەنێو دەقەکاندا دەبینرێت، وەک سەر بەردێکی گەورەی لوس کە مرۆڤ نەتوانێت بەسەریدا بڕوات، یان سەر باڵی سیمرغ، یان ناو کۆلکەدارێک.

- زمانی ئەفسانەکان تاڕاددەیەک زمانێکی سادەی بێ گرێ و گۆلە، لە ڕووی وشە و دەربڕینەوە بە شێوە زاری موکریان نووسراونەتەوە و وشە و دەستەواژەی ئەو شێوەزارەی پێوە دیارە، جگە لەمە لە هەندێک لە ئەفسانەکاندا نموونەی دێڕە شیعر دەبینرێن و هەندێک جاریش ئیدیۆم و دەستەواژەی زمانی ڕۆژانە تێکەڵ بە گێڕانەوەکان کراوە.

- ئەوەی جێگای سەرنجە ئەفسانەکانی (مەڕوانە هەڕەشەی دێوان،...... ) جگە لە زمانی گێڕانەوەی ئەفسانەکان کەوا شێوەزاری ناوچەیی پێوە دیارە، لە ڕووی ڕووداو و پاڵەوان و کات و شوێن کەمتر شوێنی ناوچەیی پێوە دیارە، بەڵام ئەفسانەکانی سەلیمی جەوهەری و شێرۆ لە ڕووی شوێن و بەشێک لە پاڵەوانەکان سیمای ناوچەییان پێوە دیارە.

**سەرچاوەکان**


- احمد، ڕزگار عبدالله، ٢٠٢٤، خوێندنەوەی ڕەخنەیی ئەفسانەناسی لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سۆران، سۆران .
- ئەحمەد، کەیفی، ٢٠١٩، بنیاتی هونەری داستان لە ئەدەبی فۆلکۆری کوردیدا٠ (بە نمونە زاری کرمانجی نێوەڕاست)، ئنستیتیوتی کەلەپوردی کوردی، سلێمانی.
- جوتیار، خالید،٢٠٠٦، سەمای ئەجندان، چاپخانەی سیما، سلێمانی .
- خاڵ، شێخ محمدی خاڵ، ٢٠٠٥، فەرهەنگی خاڵ، ئاراس، هەولێر.
- حەوێز، بێریڤان صەمەد، ٢٠١١، ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی(نەوزاد رەفعەت)دا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆیی سەلاحەدین هەولێر.
- حەسەن،ڕەئوف، ئەندێشە جوانەکانی ڕوح-لە چیرۆکی هونەری کوردیدا، چاپی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ١، هەولێر٢٠٠٥.
- حەسەن، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٠٧، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .
- حەسەن، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٠٩، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.
- حەمە غەریب، سازان جەوهەر، ٢٠١٩، ئەفسانەی کوردی لە ژێر ڕۆشنایی زانستی دەروونناسیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- رسول، عیزەدین مستەفا رسول، ١٩٧٩، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- رسول، عیزەدین مستەفا، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٣، دەزگای ئاراس، هەولێر .
- سەگرمە، ڕێبوار جەمال، ٢٠٢٠، ئەفسانەی کوردی، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- سەجادی، علاالدین، ١٩٨٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، کوردستان، سنە.
- شعیا، ڕۆکان گوریل، ٢٠٢٤، بنیاتی هونەریی حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی، تێزی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
- موکریان، گیوی، ١٩٩٩، فەرهەنگی کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- موکریانی، گیو،٢٠١٧، فەرهەنگی کوردستان،پیداچونەوەو زێدەکردنی کوردستان موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی دووەم، هەولێر.
- موکری، کامەران، ١٩٨٤، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- محەمەد ئەمین، زیاد، ٢٠١٠، مەڕوانە هەڕەشەی دێوان بڕوانە جەوهەری پیاوان (دە ئەفسانەی تایبەت بە دێو لەناوچەی پشدەردا)، ئینستیوتی کەلەپووری کورد، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- عەدۆ،ئەسعەد، ١٩٨٦، ئەفسانەو لێدوانێکی پراکتیکی، گۆڤاری کاروان، ژمارە، ٥٨.
- الجوراني، ودادجاسم، ١٩٨٢، الرحله الى الفردوس و الجحيم في آساطر العراق القديم، دارآضاف العربيه، الطبعه الاولى، بغداد.
- عباس، محمد٢٠٠٨، افلاطونوالاسطوره، دارالتنويرللطباعه و النشر و التوزيع، آسراف د. حمد عبدالحليم عطيه، بيروت .
- نجيب، احمد، ١٩٩١، ادب الاطفال علم وفن، دار الفكر العربى، القاهرة .
- النورى، قيس، ١٩٨١، الاساطير وعلم الاخباس، موسسه دارالكتبالطابعه والنشر، بغداد.
- ويلك، وارين، رينيه، وآوستين، ١٩٧٢، نضريه الادب، ت؛ محي الدين صبحى، المجلس الاعلى الرعايهالفنون والادب ولاعلوم الاجتماعيه، ديمشق.
- دروشيان، مندان، على شرف، مندان، ١٣٨٧، فرهنگ افسانههای مردوم ايران، انتشارات كتاب، فرهنگ جل اول، آ —ب- چاپ اول، تهران.
- دوست، مهوش واحد،١٣٨١، رويكردهای عملى به اسطوه شناسى، چ١، سروش.

# الأسس الفنية للأسطورة الكوردية، أساطير منطقة بشدر أنموذجا


## الملخص

الأسطورة نتاج فكر الانسان القديم، تعود الى اللأزمنة التي لم يستطيع العقل الإنساني تحليل الأحداث والقضايا التي حدثت في بيئته، الأسطورة محاولة للتعبير عن ظواهر الطبيعة وتحليلها، الكهوف، عندما تفكر فيما بني حوله، ولأسطورة مكانه في الأدب العالمي والأدب الكردي، ونقلت هذة الأساطير على ألسنة الناس جيلا عن جيل، بحيث لم تفقد أثرها، وعدت الأسطورة الكردية كنوع من انواع الأدب التراثي الشعبي، لها خصائصها في بناء الفن الأسطوري من حيث أبطالها وأمكنتها وأحداث الأسطورة ولغة السرد، وأبرز هذه الخصائص تبدو في أن أبطالها لهم قوة أسطورية فائقة، وكثيرا ما تشارك الوحوش والأفاعي وطير سيمرغ و ما الى ذالك في سرد القصص الأسطورية، وفضلا عن ذالك فإن هذه الأساطير ليست أحداثا موضوعية ولا واقعية، وهي أساطير قديمة وحديثة في الوقت نفسه تنسجم نفسها على حسب أحداث أزمان شتى، هذه الخصال وغيرها تجسد في هاتين الموضوعتين من الحكايات الأسطورية في منطقة بشدر في ضوء ذالك، فإن هذا البحث(الأسس الفنية للأسطورة الكوردية، أساطير منطقة بشدر أنموذجا) محاولة للتعرف على الأسطورة وتوضيح الخصال والخصائص الفنية لنصوص الأساطير موضوع البحث. أفدنا في هذا البحث في مجموعتين من الأساطير، هما: (الأسطورة الكوردية) جمعها: ريبوار جمال سگرمه،(لاتنظرا إلى تهديدات الوحوش بل انظر إلى همم الرجال) جمعها: زياد محمد أمين.

هذه الأساطير في الاساس تخص منطقة بشدر، تم سردها من معمرين من أهالي بشدر و جمعت و نشرت في دفتي كتابين، و كتبت هذه الأساطير بلهجة مكريان، تتراء فيها من حيث اللغة، الطبيعة السردية اللهجة المنطقة الموكرية، كما توصلت الدراسة في نهاية البحث إلى أن القصص هذه، تتراء فيها صفات و خصال التي تعود الى أزمانها، كما بدت في إحدى الأساطير أنها تحدثت عن الأبطال بحيث ترجع الى تأريخ قديم لظهور الأساطير، و اقتضت طبيعة البحث أن تتضمن عدة محاور، وهي: المفاهيم، التي تضمها البحث، والأسطورة الكوردية، وعناصر الأسطورة، وخصال الأسطورة الكوردية، والأسس الفنية لأسطورة الكوردية في مجموعتي الأساطير في منطقة بشدر أنموذجا من حيث لغتها و بناء لغة التركيب الأسطوري. توصل البحث الى نتائج و توصيات، و عرضت اخيرا مصادر البحث و مراجعه.



**الكلمات الدالة:** *الأسطورة الكوردية، أسطورة منطقة بشدر، البطل الأسطوري، الطيور الأسطورية، المكان الأسطوري.*

**Artistic Principles of Kurdish Legends as an Example of Some Legends of Pishdar Region**


**Abstract**

Myth is the product of ancient human thought. It goes back to the times when human consciousness was unable to analyze all the events that happened in its environment. Mythology is an attempt to express and analyze the phenomena of nature. There is no doubt that mythology originated during the life of man in the cave and the times when he thought about the creatures around him. It has a prominent place in world and Kurdish literature and has been constantly passed down from generation to generation, and somehow it has not lost its existence.

Kurdish myth as a type of folk literature, has its own characteristics that forms the artistic structure of myth in terms of heroes, places, mythical events and language of narrative and the bird of prey, etc. On the other hand, the legends are not objective and realistic events, as old as they are new and adapt themselves according to the times and eras. These and many other characteristics are reflected in these two collections of legendary stories in Pishdar region.

In this regard, this research entitled (Artistic Principles of Kurdish Legends as an Example of Some Legends of Pishdar Region), is an attempt to introduce legends and reveal the artistic characteristics of these legendary texts. In this study, we have used two sets of myths, namely; (Kurdish Legend) collected by (Rebwar Jamal Sagrama) and (Don't look at the threat of madmen, look at the essence of men) collected by (Ziad Mohammed Amin).

These legends are originally from Pishdar region. The authors have collected them from the mouths of several elderly people living in Pishdar region and published them in two books.

These legends have been written in the regional dialect, especially the **Mukriyan dialect. Therefore, one of their characteristics is that the regional** dialect is evident in the narrative of the stories One legend deals with the image of the hero, although the history of the emergence of the image in form His contemporary does not have a long history to reach the history of the telling of these legends.

We have divided the research into several topics, organized as follows (concept and definition of myth, Kurdish myth, genres of myth, characteristics of Kurdish myth, artistic principles of Kurdish myth, for example, the two groups of myths). Several conclusions and a list of sources are provided at the end of the study.



**Keywords:** *Kurdish legend,legend of Pishdar region, legendary hero, legendary bird, legendary place*.